# (ئاژاوە) لە عێراق (کۆتایی) خەونی ئەمریکا



د. شێرزاد نەجاڕ

ئەوەی کە لە عێراق دەگوزەرێت دەرئەنجامی لۆژیکی سیاسەتە نالۆژیکی و فاشیلەکانە. ئەوەی لە رژێمی سیاسیی دێتە ئاراوە لە کردارو چالاکی کە هەموویان پەیوەستن بەو پلانانەی بژاردەی سیاسیی حوکمڕان لە دەوڵەتدا دادیدەڕێژن، ئەمەش مانای وایە لەبەر رۆشنایی بۆچوونەکانی فەیلەسووفی ناوداری ئەڵمانی (ئەمانۆئێل کانت)کە بە پێشەکییە لۆژیکییەکان و شێوازی شرۆڤەکردنی دروست دەگەینە ئەنجامگەلی دروست، ئەمەش زادەی بیری مرۆڤی گەندەڵە کە چاوەڕوان ناکەین هیچ شتێکی راستی پێبێت، ئەمەیە رەوشی ئێستای عێراق: بژاردەیەکی حوکمڕانی سیاسیی گەندەڵ کە سیاسەت و بڕیاری چەوت و هەڵە دەردەکات و ئەمڕۆ وڵاتی بەم حاڵە گەیاند، هەروەك گۆڤاری ناوداری ئەمریکی (سیاسەتی ئەمریکا) بە (عێراق هەرەس دێنێت Iraq is Falling Apart) ی ناوبردووە، واشنتۆن تەنیا کەمی بەدەستەوەیە کە بەم ئاڕاستەیە بجووڵێتەوە، رۆژنامەنووسی ناسراوی بریتانیا (پاتریك کۆبیرن) لە وتارێکدا لە (ئەنیپێندنت) ی بریتانی دەربارەی رەوشی عێراق بڵاوی کردەوە باس دەکات و دەڵێت: هێزەکانی حکومەت لەباریەك هەڵدەوەشێت.

ترسەکە لەوەیە راپەڕینەکە ببێتە هۆی رووخانی رژێمێك کە ئەمریکا USA...پشتیوانی دەکات، ئەمەش کۆتایی خەونی ئەمریکایە.

لە رۆژی چوارشەممەی رابردووەوە توانەوەی چیای سەهۆڵبەندیی عێراق روویدا بە زەبری دەسەڵاتی چەکداران لە هەڵکوتانە سەر دووەمین گەورە شار لە عێراق: موسڵ (کە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی دوو ملیۆنە)، کارتە تازەکان تێکەڵکران کە دیمەنی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکە لەق کرد، ئەم رەوشە راستیی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق بەدەرخست، دەسەڵاتێکی داتەپیو کە حوکمڕانیی دەوڵەتێکی دارزاو دەکات، هێزی سەربازی بەبێ شەڕ هەرەس دێنێ، ئەمەش ئەوەمان دێنێتەوە یاد چۆن سوپای عێراق لەسەروبەندی هاتنەژوورەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق هەرەسی هێنا (وەك بڵێی مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە)، بەڵام بە جیاوازییەکی کەم کە بریتییە لە: هەرەسی یەکەم بووەوە هۆی بە یەکجاری رووخانی رژێمی حوکم، بەڵام دووەمیان بە دەست ئازاری گورزی بەهێزەوە سەرگەردان بووەو هەوڵدەدات هەڵسێتەوە، بەڵکو نەهێڵێت بە تەواوی بڕووخێت.

غەسان شربلی رۆژنامەنووسی ناسراو لە رۆژنامەی ئەلحەیات لە رۆژی ١٢ی حوزەیراندا باسی ئەم رووخان و هەرەسهێنانە دەکات و دەڵێت: ئابڕووچوونێکی بەرچاو و تەواوە. USAتووشی سەرسوڕمان بووە دوای چەند ساڵێك لە ئامادەکردن و مەشقدان و چەکڕێژکردنی سوپای تازەی عێراق کە زیاتر لە ٢٥ ملیار دۆلاری تێچووە کە زۆربەی لە موسڵ و کەرکوکە و ئاواو بەم شێوەیە لە دەشت وچۆڵدا بەجێما، دیارە ئەمەش بەمەبەستی ئەوە بوو کە خەونەکانی بێنێتەدی لە بنیادنانی دەوڵەتی تازە لەسەر بنەمای پرۆسەی دیموکراسی کە هەر لەگەڵ یەکەم نسکۆدا لە ٢٠٠٩ هەرەسی هێنا بە دانپێدانەنانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و مانەوەی مالیکی لەسەر کورسیی حوکمڕانی وێڕای ویستی گەل، کاتێ مالیکی دووپاتی کردەوە: ئایا هیچ کەسێك دەتوانێت لێمانی بسەنێت(مەبەست دەسەڵاتە) تا ئێمەش پێی بدەین، ئا بەم شێوەیە پرۆسەی (بەرهەمهێنانی دیکتاتۆریەت) یان(بەرهەمهێنانی دەسەڵاتخوازی و ستەمکار) جارێکی دیکە لە عێراق دەستی پێکردەوە.

بۆیە دەپرسین: چی لە عێراق روودەدا؟ مانای ئەو هەموو رووداوە خێرایە چییە کە ناوچەکەو جیهانی نیگەران کردووە؟ ئەم رووداوانە بەکوێ دەگەن و چییان لێ دەکەوێتەوەو ئاسەوار و ئەنجامەکانیان چی دەبن؟

پاتریك کۆبێرن پێیوایە کە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە بێگومان رووداون کە کاریگەریان بە خێرایی لە سەرتاپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، ئەو وای دەبینێ کە هاوسەنگیی هێز Balance of Power لە عێراق بە شێوازی دراماتیکی گۆڕاوەو هێزی رێکخستنی چەکداران زیاد دەکات، گرتن و داگیرکردنی شاری موسڵ گورزێکی بەهێز و بە ئازارە بۆ حکومەتی عێراق. ئەمە هەرەسهێنانی تەواوی هێزە سەربازییەکانی عێراقە.

سەبارەت بە رای مۆسکۆش کە سیرجی لافرۆفی وەزیری دەرەوە لە لێدوانێکدا روونی کردەوە گوتی: ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت بەڵگەیە لەسەر شکستهێنانی پلانەکانی ئەمریکاو بریتانیا. لەبەردەم ئەم حاڵەتەدا، خەریکە ئاکارەکانی حاڵەتی (نایەقین) لای ئەمریکا دەردەکەوێت.

کاتێ ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا دووپاتی دەکاتەوە کە هەموو ئەگەرێك کراوەیەو ئیدارەی ئەمریکا لەم ئەگەرانە دەکۆڵێتەوە. ئەم حاڵەتە ئەو شتەی سەلماند کە ئیدارەی ئەمریکا لەسەردەمی ئۆبامادا ئیدارەیەکە کاتی پێویستە بۆ ئەوەی بە وردی و لەسەرخۆیی بیربکاتەوە. بەڵام رووداوەکان زۆر خێران و دەرفەت بەم جۆرە بیرکردنەوە نادات، بۆیە ئۆباما لە رۆژی ١٣ی حوزەیران هەوڵی دا رۆشنایی بخاتە سەر ئەو کارەی کە ئەمریکا دەتوانێ ئەنجامی بدات لەهەمبەر پەرەسەندنەکانی دراماتیکی ئێستای واقیعی عێراق، کاتێ دووپاتی کردەوە کە ئەمریکا لە پرۆسەی سەربازیی بەشداری ناکات لە حاڵەتی نەبوونی پلانێکی سیاسیی کە عێراقییەکان پێشکەشی بکەن، هەروەها بەبێ بوونی هیچ رێکەوتنێك لە نێوان لایەنەکانی عێراق پرۆسەی سەربازی هیچ سوودێکی لێ ناکەوێتەوە.

ئۆباما رەخنەشی لە حکومەتی عێراق گرت بە سەرۆکایەتی مالیکی، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش کاتێ بەرپرسیارێتی سەر ئەرزی خستە ئەستۆی هێزەکانی عێراق کە کەمتەرخەم بوون لە پاراستنی شارو گوندەکانی عێراق و ئەو هێزانەش کێشەی ورەو پابەندبوونیان هەیە بە هۆی رەوشی شێواوی سیاسییەوە.

هەروەها رەخنەیەکی توندیشی ئاراستەی سەرکردەکانی عێراق کرد کاتێ گوتی ئەوانە نەیانتوانیوە ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەربکەن، دواتر ئۆباما وانەیەکی گرنگی بە سەرکردەکانی عێراق دا لە چۆنێتی ئیدارەکردنی دەوڵەت و حوکمڕانیدا کاتێ وتی: لەسەر سەرکردەکانی عێراق پێویستە بڕیاری قورس دەربکەن و بگەنە چارەسەری مامناوەند بۆ پاراستنی یەکێتیی وڵات، بەڵێ ئەمە وانەیەکی گرنگەو بریتییە لە پرەنسیبی سەرەکیی ئیدارەو حوکمڕانی، بەڵام دەپرسین چۆن ئۆباما لەم رووداوانەی عێراق هەڵسوکەوت دەکات بۆ

**پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە حاڵەتێکی دینامیکیی جووڵاودان کە بەرژەوەندییەکان دەیجووڵێنن، ئەمەش راستییەکە هەر لەوەتەی دروستبوونی کۆمەڵگەی سیاسی و ئیمپراتۆرییەکان و دەوڵەتی – شار** City –State **و دەوڵەتی- نیشتمانی** Nation-State **حاڵەتی عێراقیش بەدەر نییە، چونکە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دەیجووڵێنێت**




**عێراق ئەمڕۆ لەسەر لێواری دارمانەو ڕووەو شەڕی ناوخۆیە(بانگەوازەکەی مالیکی بە دروستکردنی سوپایەکی یەدەگ(پاشکۆ)ی سوپای عێراق واتا گەڕانەوە بۆ میلیشیا هەروەک ئەمە لە شەڕی ناوخۆدا بەدی دەکرێت هەروەها داواکردن لە پیاوانی ئایینی شیعە کە چەک هەڵبگرن)، هەروەها مانای پەرتەوازەییە کە تەنیا هەرێمی کوردستان قازانجی لێ دەکات**

**عێراق سەرپشک بوو لە نێوان عێراقێکی دارماو بەڵام یەکگرتوو بە سەرۆکایەتیی مالیکی و لە نێوان عێراقێکی پارچەکراو و دابەشکراو، ئەوا تاران عێراقی دابەشکراو بە باشتر دەزانێ کە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێت کۆنترۆڵی باشوور بکات، چونکە دەبێتە بەشێک لە هیلالی شیعی کە لە ڕۆژهەڵاتی سعودیەوە بۆ باشووری لوبنان درێژدەبێتەوە**

ئەوەی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە وەربگرێت؟

ڕاغیدە درغام کە کچە ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوە لە ڕۆژی ١٣ی حوزەیران لە ڕۆژنامەی ئەلحەیات نووسیویەتی: پێویستە ئۆباما لە ڕەنگدانەوەکانی هەر هەنگاوێك بڕوانێت کە دەیەوێت هەڵیبێنێ، هەروەها لە سوریا لە دانووستانەکانی ئێستای ئەتۆمی لەگەڵ تاراندا، لەگەڵ داگیرکردنی موسڵدا کاتی ئەوە هاتووە بە جددی بیر لە ئەگەری گونجاو بکرێتەوە(گۆڤاری فۆرن پۆلسی ئەمریکی ئەم ئەگەرە سنوورکراوانە دووپات دەکاتەوە) بەر لەوەی کار لەکار بترازێ. ئەو زیاتر نووسیویەتی: یەکەم هەنگاو پێویستە بە لێك تێگەیشتنی دوو لایەنە بێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێویستە نوری مالیکی دەربکرێت ڕەوانەی دەوڵەتێکی دراوسێی دۆستی تاران بکرێت بۆ نموونە(عومان)، ئەمە ئەگەر واشنتۆن بە ڕاستی دەیەوێت عێراق لە پەرتەوازەیی ڕزگاربکات، بەڵام ئەگەر پلانەکە لە بنەڕەتدا مەبەستی دابەشکردنی عێراقە و بەشی باشوور بدرێتە ئێران وەك بەشێك لە نەخشەی لێکگەیشتنی ئیقلیمی، ئەوا توانای ڕێکخستنی داعشە لە گەشەکردن وەك سوپایەکی بچووك کە لەسەر سنووری عێراق- سوریا پێشڕەوی بکات، ئەمەش بەشێکە لە هەمان پلان.

پلانی دووەم بە دڵی ئێرانە کە بریتییە لە نەهێشتنی مەترسیی ستراتیژیی عێراق و سووریە لەسەر ئەوەی کە عێراق لە بەرەی ئێرانە و ئەوە لە مالیکی ڕادەبینێ(بە ئاگاداری ئەو یان نا) کە چاکترین کەسە بتوانێت ئەم شتەی بۆ مسۆگەر بکات بۆیە نایەوێت دەستبەرداری بێت.

ئەگەر عێراق سەرپشك بوو لە نێوان عێراقێکی دارماو بەڵام یەکگرتوو بە سەرۆکایەتیی مالیکی و لە نێوان عێراقێکی پارچەکراوو دابەشکراو، ئەوا تاران عێراقی دابەشکراو بە باشتر دەزانێ کە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێت کۆنترۆڵی باشوور بکات، چونکە دەبێتە بەشێك لە هیلالی شیعی کە لە ڕۆژهەڵاتی سعودیەوە بۆ باشووری لوبنان درێژدەبێتەوە.

چ ئەگەرو شانسێك بۆ عێراق، عێراق ئەمڕۆ لەسەر لێواری دارمانەو ڕووەو شەڕی ناوخۆیە(بانگەوازەکەی مالیکی بە دروستکردنی سوپایەکی یەدەگ(پاشکۆ)ی سوپای عێراق واتا گەڕانەوە بۆ میلیشیا هەروەك ئەمە لە شەڕی ناوخۆدا بەدی دەکرێت هەروەها داواکردن لە پیاوانی ئایینی شیعە کە چەك هەڵبگرن)، هەروەها مانای پەرتەوازەییە کە تەنیا هەرێمی کوردستان قازانجی لێ دەکات، عێراق لەباتی ئەوەی ببێتە یاریکەرێکی سەرەکی، هەروەك پێشان، لە هاوکێشەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، بۆتە بەردی شەترەنج کە دەوڵەتانی گەورەو ئیقلیمی یاری پێدەکەن بۆ دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم دەست بەسەرداگرتن و کێبڕکێیە بەهێزە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەستی پێکرد دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ نەخشەکانی خوێن:Blood Borders: How a better Middle East would look، بە گوتەی (ڕالف بیتەر) لە توێژینەوەیەکیدا دەربارەی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ٢٠٠٦دا نووسیویەتی.

غەسان شربل لە ڕۆژنامەی ئەلحەیات لە ڕۆژی ١٢ی حوزەیران پێشنیاردەکات کە پێویستە یەکێتییەکی نیشتمانی پێك بهێنرێت و عێراق پێویستی بە یەکلایی




**ئۆباما رەخنەی لە حکومەتی عێراق گرت بە سەرۆکایەتی مالیکی، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش کاتێ بەرپرسیارێتی سەر ئەرزی خستە ئەستۆی هێزەکانی عێراق کە کەمتەرخەم بوون لە پاراستنی شار و گوندەکانی عێراق**

**کارتە تازەکان تێکەڵکران کە دیمەنی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکە لەق کرد، ئەم رەوشە راستیی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق بەدەرخست، دەسەڵاتێکی داتەپیو کە حوکمڕانیی دەوڵەتێکی دارزاو دەکات، هێزێکی سەربازی بەبێ شەڕ هەرەس دێنێ**

کردنـــەوەی مێژوویـــی هەیە کە پرۆســـەی سیاســـی رزگاربکات(کە ئەمەش ئۆباما بە سەرکردەکانی عێراقی گوتووە کە لەیەکـــدی بگەن) بۆیە ئەمەیان دەرفەتێکە بۆ رزگاربوون.

جارێکی دیکە پرســـیار دەکەین کـــە: ئایا ئەو هەموو بیروڕایەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودیان هەیە ئەگەر پلانێکی پێشـــوەختە ئامادەکرابێت بۆ رووداوەکانی ئەم پەرەسەندنانە لە پێناو ئەوەی کە چەندین ساڵە دەگوترێت دەربارەی: رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی تازە، نەخشەکانی خوێن، دابەشکردنی نەرم و نیانی عێراق، فیدرالییەکانی عێـــراق، کۆنفدرالییەکانی عێراق... تاد لە بیروبۆچوون و خەون و خەیاڵ.

پێوەندییـــە نێودەوڵەتییەکان لـــە حاڵەتێکی دینامیکیی جووڵاودان کـــە بەرژەوەندییـــەکان دەیجووڵێنن، ئەمەش راستییەکە هەر لەوەتەی دروستبوونی کۆمەڵگەی سیاسی و ئیمپراتۆرییەکان و دەوڵەتی – شار City –State و دەوڵەتی- نیشتمانی Nation-Stateحاڵەتی عێراقیش بەدەر نییە، چونکە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دەیجووڵێنێت. لەم بارودۆخە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەدا پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی عەقڵانییە بۆ ئەوەی لەم دۆخە کارەســـاتبارە دەرچین و پێویستمان بە عەقڵییاتی سەرکێشـــانە نییە بە شـــێوازی (ناپلیۆن بۆناپـــارت) کە بریتی بوو لە: با سەرکێشـــی بکەین و دواتر ببینین.








**لە نیسانی ٢٠١٢دا لە واشنتۆن**
**سەرۆک بارزانی مەترسی ئێستای عیراقی راگەیاند**

# عیراق لە قەیرانێکی جدییدایە و بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵدەگرێت ئەگەر ئەم بارودۆخە چارەسەر نەکرێت ئەوا گەلی کوردستان بڕیاری خۆی دەدات

لە سەرەتای نیسانی ٢٠١٢ سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر داوەتی فەرمیی حكومەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەردانی كۆشكی سپی كرد و لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جۆزیف بایدن جێگری سەرۆك و گەورە بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریكی كۆبۆوە بۆ باسكردنی بارودۆخی عێراق و سروشتی پێوەندی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدرالی عێراق، سەبارەت بە ناوەڕۆكی ئەم كۆبوونەوەیە، بەڕێز سەرۆك بارزانی لە رۆژی ٥ نیسان بەمجۆرە لە سیمینارێكی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك باسی لێوەكرد:

((هاتنی من بۆ واشنتۆن لەسەر داوەتی فەرمی حكومەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكابووە بۆ باسكردنی بارودۆخی عێراق و ناوچەكە و سروشتی پێوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی بەغدا. دوێنێش (مەبەستی رۆژی ٢٠١٢/٤/٤یە) لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆك و گەورە بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریكی بە دوور و درێژی باسی هەموو ئەو خاڵانەمان كرد كە پەیوەستن بە بارودۆخی عێراق و ناوچەكە و پێوەندییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا.

بێگومان زۆر لەو بەڕێزانەی لەم كۆڕە دانیشتوون لەوە ئاگادارن، ئێمە وەك خەڵكی كوردستان خوێن و قوربانیەكی زۆرمانداوە بۆ ئەوەی عێراقێكی دیموكراتی و فیدرالی و فرەلایەن بێتە كایەوە، بەڵام هەمیشە ئەو هەقیقەتەشمان ئاماژە پێداوە، ئەگەر یارمەتی ئەمریكا و ئازایەتی سەرباز و كوڕ و كچەكانی ئێوە نەبوونایە و هاوكاری ئێمەیان نەكردایە، ئەوا ئەو ئامانجە نەدەهاتەدی و ئەو رژێمە بە تەنیا بە ئێمە نەدەڕووخا. بۆیە دوای رووخانی ئەو رژێمە دەرفەتێكی زێڕین بۆ عێراقیەكان دروست بوو بۆ ئەوەی ئەو عێراقە فیدرالی و دیموكراتی و فرەلایەنە دابمەزرێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ دامەزراندنی ئەو عێراقە نوێیە، پێویستە راشكاوانە ئەوە بە ئاشكرا بگوترێت، ئایا عێراق لەچی پێكهاتووە؟ بێگومان وەك پێكهاتە لە ٣ پێكهاتەی سەرەكی پێكهاتووە كە كورد و شیعەو سوننەیە، لەگەڵ رێزم بۆ نەتەوەكانی دیكە دەبێت مافیان پارێزراو بێت و بەشداربن لە حكومڕانیی، ئەوانیش وەك نەتەوەكانی توركمان، ئاشوری و كلدان و سریان، هەتا كەمینەیەكی ئەرمەنیشمان هەیە. بەڵام ئەگەر عێراق لە روانگەی نەتەوەییەوە سەیر بكەین، ئەوا بێگومان عێراق لەدوو نەتەوەی سەرەكی پێكهاتووە كە ئەوانیش كورد و عەرەبن.

**حكومەتی عێراق لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٢ بڕی زیاتر لە ٥٠٠ ملیار دۆلار بودجەی لەبەردەست بووە، بەڵام لەدەرەوەی هەرێمی كوردستان، خزمەتگوزاری كارەبا ئەگەر بوونیشی هەبێت لە ٣-٤ كاتژمێر تێپەڕ ناكات، یەک ملیۆن کەس لە ریزەكانی سوپا تۆمار كراون، كەچی تیرۆر هەر بەردەوامە**

ئێمە دەزانین ئەزموونی هەرێمی كوردستان تا ئاستێكی باش سەركەوتنی بەدەست هێناوە، من ناتوانم بڵێم ئەزموونێكی نموونەییە و هیچ كەموكورتی نییە، بەڵام لەرووی ئاسایش و ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە پێشكەوتن و سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێناوە.

هۆكاری ئەم سەركەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیاسەتێكی لێبوردانەمان پیادەكرد و بەدوای تۆڵە سەندنەوە نەكەوتین، بۆیە توانیمان بە هاوكاری جەماوەر و دەزگاكانی خۆمان، ئاسایش و سەقامگیری كوردستان بپارێزین، هەر ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی زۆرێك لە كۆمپانیاكانی جیهان و بەمدواییەش كۆمپانیاكانی ئەمریكا روو لە هەرێمی كوردستان بكەن و دەست بە وەبەرهێنان لەم هەرێمە بكەن.

من لێرەدا چەند نموونەیەكتان بۆ دەخەمەڕوو، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ داهاتی ساڵانەی تاكەس لە هەرێمی كوردستان تەنیا ٢٧٥ دۆلار بوو ئێستا لەسەرووی ٥٠٠٠ دۆلارە، رێژەی نەخوێندەواری ٥٦٪ بوو ئێستا كەمترە لە ١٦٪، سەبارەت بە خزمەتگوزاری كارەبا، ئێستا كارەبا گەیشتۆتە تەواوی شارو شارۆچكە و گوندەكانی كوردستان و لەهەندێك شوێن ٢٤ كاتژمێر كارەبا هەیە.

لەبەرامبەر ئەمەدا حكومەتی عێراق لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٢ بڕی زیاتر لە ٥٠٠ ملیار دۆلار بودجەی لەبەردەست بووە، بەڵام لەدەرەوەی هەرێمی كوردستان، خزمەتگوزاری كارەبا ئەگەر بوونیشی هەبێت لە ٣-٤ كاتژمێر تێپەڕ ناكات، یەك ملیۆن كەس لە ریزەكانی سوپا تۆمار كراون، كەچی تیرۆر هەر بەردەوامە.

بۆیە ئێستا عێراق لە قەیرانێكی جیدییدایە، ئەمەشم دوێنی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جێگرەكەی بایدن باسكردووە، بەوەی عێراق بەرەو تاكڕەوی دەڕوات و تاكە كەسێك هەوڵدەدات دەست بەسەر هەموو دامودەزگاكانی دەوڵەت بگرێت، هەر بۆ نموونە شەخسی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەموو ئەم پۆستانەی كۆنترۆڵ كردووە:

١. سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانە.
٢. فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانی عێراقە.
٣. وەزیری بەرگرییە.
٤. وەزیری ناوخۆیە.
٥. سەرۆكی دەزگای موخابەراتە.
٦. دوایین شتیش كە داوای لە سەرۆكی بانكی ناوەندی كردووە بۆ ئەوەی بانكی ناوەندیش بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە.

ئێمە وەك خەڵكی كوردستان پەرۆشین بۆ ئەم حكومەتە لەبەر ئەوەی بەخوێن و لەسەر شانی ئێمە دروست بووە،



«یەك ملیۆن کەس لە ریزەکانی سوپا تۆمار کراون، کەچی تیرۆر هەر بەردەوامە»

ئێمە بەغدا بۆ کەسێکی تر چۆڵناکەین.

لەبنەڕەتدا بارودۆخی عێراق وادەخوازێت کە دەبێت هەموو عێراقیەکان پێکەوە حکومڕانی عێراق بکەن، دەبێت هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی کورد و شیعە و سوننە بەشدار بن و نەتەوەکانی دیکەش لە حکومڕانی بەشداری پێبکەن. بۆ ئەمەش دەستووری عێراق زۆر راشکاوانەیە، ئێمە بەدەستوورێکی باشی دەزانین لەبەر ئەوەی دەنگمان پێداوە و کارمان تێدا کردووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە بەم دەستوورەوە پابەند نابن، لەم دەستوورەدا هاتووە مەرجی مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی پابەندبوونە بەدەستورەوە، کە ئێستا رۆژانە ئەم دەستوورە پێشێل دەکرێت. ئەمەش وایکردووە عێراق بکەوێتە قەیرانێکی جدییەوە وەك ئێستا تێیکەوتووە.

من داوام کردووە تەواوی هێزە سیاسییەکانی عێراق کۆببینەوە و چارەسەرێك بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزینەوە، رێگە نەدەین لەوەی دیکتاتۆرێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بۆ ئەمەش پێویستە رێککەوتنی هەولێر بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت، ئەو رێککەوتنەی لە نۆڤەمبەری ٢٠١٠ ئیمزاکراو ئەم حکومەتەی ئێستا لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتنە پێکهات.

بۆیە ئەگەر ئەم بارودۆخە بەهاوکاری هەموو لایەك چارەسەر کرا، ئەوا ئەمە بژاردەی پەسەندی ئێمەش دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم بارودۆخە چارەسەر نەکرا، ئەوا ئەو بارودۆخەی ئێستا لەبەغدا بەڕێوە دەچێت، بژاردەی ئێمە نابێت و بۆ ئێمە قابیلی قبوڵ کردن نابێت، لەم حاڵەتە ئێمە ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ میللەتی خۆمان بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی بدات.

ئەوەی لەم سەردانە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو ئەوەبوو بزانین، ئایا ئەمریکا ئێستا چۆن سەیری بارودۆخی عێراق دەکات و چۆن سەیری بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکات؟ ئەوەی من لەزاری سەرۆك ئۆباماو جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆکەوە گوێبیستی بووم، ئەوان تەئکیدیان لەسەر ئەوە دەکردەوە بەوەی پابەندن بە عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەلایەنەوە، پابەندن بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسکەوتانەی بەدەستی هێناوە، ئیدارەی ئەمریکی لەگەڵ ئەوەبوون بەپێیی دەستوور کێشەکان چارەسەربکرێن، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین بە پێی دەستوور هەموو کێشەکان چارەسەربکرێن و هەوڵیش دەدەین بەپێی دەستوور کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر چارەسەر نەکرا، ئەوا ئەو بارودۆخە قابیلی قبوڵ کردن نابێت لەلایەن گەلی ئێمە و گەلی کوردستان بڕیاری خۆی دەدات.



**ئەگەر نیشتمانت نەبێت**
**ئەوا ئایینیشت نابێت**

**هەموومان لەژێر ڕەشماڵی مەلا مستەفا بووین**
**بەڵام هەموومان پارتی نەبووین**

**خەباتی چەکداری بۆ ڕزگارکردنی میللەتەکەت**
**بۆ ڕزگارکردنی زێدەکەت، بە دەقی قورئان جیهادە**

**ئێمە هەمووومان پێشمەرگەی بارزانین**
**تا ئامانجە گەورەکە دێتەدی**

د.سەید ئەحمەد پێنجوێنی
پێشنوێژی مزگەوتی حاجی جەمال لە هەولێر:

# ئەگەر مسعود بارزانی لەسەر بەرنامەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بەردەوام بێت، خواش پشتگیری دەکات و ئێمەش هەمووومان پێشمەرگەی ئەو دەبین

**پرسە چارەنووسسازەکان لە هەموو کاتێکدا تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و تەواوی بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان لە نێو یەك بازنەدا کۆدەکاتەوە، کە ئەویش بازنەی چارەنووس و ئاییندەی نەتەوەیە، لەم قۆناخە هەستیارەدا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت، هەموو پرسێك لە دووڕیانی گۆڕانکارییەکی چاوەڕواننەکراودا چاوەڕێی پێشهات و گۆڕانکارییەکانە، بۆیە هەموو توخمەکانی نێو ئەم هاوکێشەیە لە ئامادەباشیدان بۆ ئەوەی زەمینە بۆ ئەو ئاراستەیە خۆش بکەن کە نەتەوە ئامانجی چەندین ساڵەیەتی.**

**لەم چوارچێوەیەدا و لەناو هاوکێشەی ئاڵۆزی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پرسی کورد و کوردستان خەریکە بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناك هەنگاو هەڵدەگرێت و بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەخشەی ڕێگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دیاری دەکات، لەسەر ئەم نەخشەیەش بەڕێز مسعود بارزانی بەپێی ئەو بڕیارە هەنگاو هەڵدەگرێت کە گەلی کوردستان دیاری دەکات.**

**لەم چوارچێوەیەدا و بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چارەنووسسازە، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز د.سەید ئەحمەد عەبدلوەهاب پێنجوێنی وتارخوێنی مزگەوتی حاجی جەمال لە هەولێر ئەنجامداو بەڕێزی لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بەمجۆرە هەڵوەستەی لەسەر پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کردوو، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان لە ڕوانگەی ئایینەوە، ئایا بەڕێزت وەك زانایەکی ئایینی چۆن سەیری پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەیت؟**

- من لە ڕوانگەی شەرعەوە قسەدەکەم و باسی پرسی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان دەکەم، بۆیە خوای گەورە هەر مافێکی دابێت بە هەر گرووپێك لە مرۆڤەکان، ئەوا هەمان مافیشی بە توێژ و گرووپەکانی دیکەش بە ڕەوا زانیوە، لەبەر ئەوەی خوای سوبحان و تەعالا گەورەی هەموومانەو هەر لەسەرەتای سورەتی فاتیحەوە فێرمان دەکات، سوپاسگوزاری خوای هەموو جیهانەکان بین، هەروەها فێرمان دەکات و پێمان دەڵێت: (ولقد کرمنا بنی ادم)، ئەم دوو ئایەتەو سەدانی دیکەو هەروەها لە سوننەت و فەرموودەکانی خۆشەویستمان حەزرەتی محەمەد(د.خ) پێمان دەڵێن هەر مرۆڤێك خوا بوونی پێبەخشی بێت، دەبێت زێدێکیشی هەبێت، واتە نیشتمانێکی هەبێت کە بەپێی یاسا چوار کۆڵەگەی سەرەکی هەیە، بۆیە کاتێك خوای گەورە مافی دەوڵەتی سەربەخۆی بە عەرەب و تورك و فارس و ڕۆژئاواو و ڕۆژهەڵات بە ڕەوا بینیبێت، ئەم مافە بە گەلی کورد ڕەوا نابینێت؟ نەخێر خوا گەلی کوردی لە مافی دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەش نەکردووە، بەڵکو ئەوەی کوردی لە دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەش کردووە، زاڵم و دیکتاتۆرەکانن کە لنگەوقووچ پرسەکان دەخوێننەوەو نەخشەی خواو مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا دەشێوێنن و تێکی دەدەن، ئەگینا چۆن خوا گەلێکی وەك گەلی کوردستانی دروستکردووەو کۆمەڵێك تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی پێبەخشیوە کە پێی دەڵێن (کەسایەتی)، هەروەها مافی پێداوە زمان و کەلتور و جلوبەرگی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆیە بوونی دەوڵەت بۆ هەر نەتەوەیەك وەك بوونی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە، لەبەر ئەوە ناسنامەی کەسێتی مرۆڤ بەبێ بوونی نیشتمانێك و دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تەواو نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر نیشتمانی نەبوو ئایینیشی نابێت، لەبەر ئەوەی ئایین کە خەڵاتی پەروەردگارە بۆ مرۆڤەکان، ئەوا ئەم خەڵاتە بۆ ڕۆشنکەرەوەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەیە، هەروەها پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدی و هەروەها پێوەندی نێوان مرۆڤەکان و پەروەردگار ڕێکدەخات، بۆیە ئەم هەموو نیعمەتەی خوا کە بە مرۆڤەکانی بەخشیوە، بۆ ڕێکخستنی مرۆڤەکانە لەناو نیشتمانێکدا، خۆ ئەگەر نیشتمانەکەت نەبێت، ئەوا ئایینەکەش بوونی نییە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئایین بەو هەموو گەورەییەی خۆیەوە بەستراوە بە بوونی نیشتمانێکەوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئێمە نیشتمانێکمان نەبێت، چۆن

دەتوانین مزگەوتێك دروست بکەین؟ لەکوێ کڕنووش بۆ پەروەردگار دەبەین و سوپاسگوزاری دەکەین؟ لەکوێ گرێبەستی هاوسەرگیری و زەماوەندی شەرعی دەکەیت؟ لەکوێ منداڵت دەبێت؟ لەکوێ ناسنامەی بۆ دەردەهێنیت؟! ئەمانە هەمووی پێکەوە بەستراونەتەوە بە بوونی نیشتمانەوە، بۆیە بوونی نیشتمان و دەوڵەت بە مانا یاساییەکەی، وەك بوونی کەسەکە خۆی وایەو یەکێکە لە مافە سەرەکیەکانی.

بەڵام ئەوەی ئێستا کە باسی دەوڵەتی کوردستان دەکەین و لێیان کردوین بەشتێك هەر لە مەتەڵ دەچێت، وەك شتێکی سەیرو گەورە سەیری دەکەن کاتێك کورد داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، ئەمە ستەمی داگیرکارەکانی سەر زەوییە و نەخشەی زاڵمەکانە کە نەخشەی دەوڵەتی کوردستانیان سڕیوەتەوە، ئەمە هەرگیز پەیامی پەروەردگار و نەخشەی پەروەردگار نییە.

بۆیە لە روانگەی شەرعەوە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان مافێکی رەوای خەڵکی کوردستانەو پەروەردگار ئەم مافەی پێبەخشیوە، لەناو ئەم دەوڵەتەشدا مافی خۆیەتی حکومەتی هەبێت، پارتی سیاسیی هەبێت، بیروبۆچوونی جیاوازی هەبێت و پەرلەمانێکی هەبێت کۆکەرەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان بێت، هەروەها دەبێت ئاڵای خۆی هەبێت و ئاڵاکەی هاوشانی ئاڵای هەموو نەتەوەکانی جیهان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بشەکێتەوەو ژمارەیەك بێت لەنێو گەلانی جیهان و دۆست و دوژمن حیسابی بۆ بکات و بە ئازادانە لەناو دەوڵەتی خۆی بڕیار بدات و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلەکەی و لە چوارچێوەی رێزو بەرژەوەندی هاوبەش پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دراوسێکانی و جیهان رێکبخات.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی تا ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست نەبووەو بوونی نییە؟ ئەوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە:

١. کاتێك دەوڵەتانی داگیرکاری ئەوروپایی و رۆژئاوایی هاتن و ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان پەرتکردو لەبەریەکیان هەڵوەشاند، ئەو کاتە مافی دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ گەل و نەتەوەکانی دیکە بە رەوا زانی، بەڵام ئەم مافەیان بە گەلی کورد رەوا نەبینی.

لەوانەیە یەکێك لەو هۆکارانەی کە نەیانهێشتبێت کورد دەوڵەتی هەبێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوسەرکردە گەورەیەی کورد سەلاحەدینی ئەیوبی بێت، کە توانی جیهانی ئیسلام یەکبخات و قودس ئازاد بکات، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کاتێك رۆژئاواییەکان نەخشەیان دەکێشا بۆ هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورك رازیبوون، بەڵام کورد بەو تێکدانە رازی نەبوو، شێخ سەعیدی پیران و کوردە قارەمانەکان دژی داگیرکەر و دیکتاتۆریش راوەستان..

٢. هۆکارێکی دیکە کە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی سەرکردە سیاسییەکان و فەرمانڕەواکانی کورد لە کۆن و نوێدا، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت چەندینجار هەل و فرسەتی گونجاوهاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنین، بەڵام خەمسارد بووین، ئەوجا لەبەرئەوەی پێگەیشتوویەکی گەورەی سیاسی نەبووە، بۆیە ئەوان وایان زانیوە سیاسەت بە موجامەلەو دەستگوشینی گەرم کۆتایی دێت، هەر بۆنموونە نوری مالیکی کە ئێستا سەرۆك وەزیرانی عێراقە و بۆتە مەترسیەکی گەورە لەسەر کوردستان و بەردەوام چاومان لێ سوور دەکاتەوەو بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەبڕێت، ئیستفزازمان دەکات، ئەمە بەشێکی تۆڵەی ئەو پشتگیرییەیە کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیری مالیکیان کردووە. چەندینجار ئەم مالیکیە دیکتاتۆرە تازە مەزهەبگەرایە لەسەر لێواری رووخان بووە، بەڵام کورد گرتوویتییەوە، سەرکردەی حزبەکان و فەرمانڕەوای کورد نەیهێشتووە مالیکی بڕووخێت و بکەوێت.

*** ئێوە پێش ئەوەی ئەندامی حزبێکی ئیسلامی بن، پێشتر پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوون بە رێبەرایەتی جەنابی مستەفا بارزانی، ئایا ئەگەر هەنگاوێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ئایا چۆن ئەو مێژووە بۆ نەوەی ئەمڕۆ دەگێڕنەوە؟**

- هەتا ئەو نسکۆیەی بە پیلانێکی نێودەوڵەتی دووچاری شۆڕشی کوردستان بووەوە لە ساڵی ١٩٧٥، میللەتی کوردستان، وەك میللەت و وەك ئاراستە، یەك و یەکگرتوو و یەکریز بوو، وەك ئاڵا و رابەرایەتی، هەر یەك ئاڵاو یەك رابەری هەبوو، کە ئەویش جەنابی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بوو، ئەوجا لەبەر ئەوەی میللەت هەمووی یەك ئاراستەی هەبوو، یەك گوتاری سیاسیی یەکگرتوو هەبوو، ئەوکات وەك ئێستا فرە گوتاری نەبوو، ئەوجا لەوانەیە هەندێك بڵێن فرە گوتاری سیاسیی و فرەلایەنی دەبێتە هێز بۆ کۆمەڵگە، بەڵام من دڵێم بەداخەوە بۆ ئێمە ئەم فرە گوتارییە نەبۆتە هێز بەڵکو بۆتە هۆکاری لاوازیمان، ئەوجا لەم روانگەیەوە کە سەیری سەردەمی جەنابی مەلا مستەفا دەکەین، هەست دەکەین هەموو میللەت لەژێر رەشماڵی بارزانیدا کۆببووەو هەمووشی جێگای ببووەوە، بۆیە هەموومان لەژێر رەشماڵی مەلا مستەفا بووین، بەڵام هەموومان پارتی نەبووین.

**مەلا مستەفا شۆڕشی کردبووە پرسێکی میللی بۆیە سەرکەوتوو بوو، بۆ ئەمڕۆش دەبێت مسعود بارزانی ئەم پرسە بکاتە میللی بۆ ئەوەی وەک مەلا مستەفا بتوانێت هەموو میللەت کۆبکاتەوە و ئاڕاستەیان بکات بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**کاتێک خوای گەورە مافی دەوڵەتی سەربەخۆی بە عەرەب و تورک و فارس و رۆژئاواو و رۆژهەڵات بە رەوا بینیبێت، ئەو مافەش بە گەلی کورد رەوا دەبینێت، هەربۆیە ئەوەی کوردی لە دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەش کردووە، زاڵم و دیکتاتۆرەکانن کە لنگەوقووچ پرسەکان دەخوێننەوەو نەخشەی خواو مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا دەشێوێنن و تێکی دەدەن**

**کاتێک کورد داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، وەک شتێکی سەیرو گەورە سەیری دەکەن، ئەمەش ستەمی داگیرکارەکانی سەر زەوییە و نەخشەی زاڵمەکانە کە نەخشەی دەوڵەتی کوردستانیان سڕیوەتەوە**

**لەوانەیە هەندێک بڵێن فرە گوتاری سیاسیی و فرەلایەنی دەبێتە هێز بۆ کۆمەڵگە، بەڵام من دەڵێم بەداخەوە بۆ ئێمە ئەم فرە گوتارییە نەبۆتە هێز، بەڵکو بۆتە هۆکاری لاوازیمان**

**سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردستان، سەرهەڵدانێکی میللی بووە نەک ئایدیۆلۆژی و حزبی، شۆڕش خەباتێکی گشتگیر و هەمەلایەن بوو، هەموو تواناو پێکهاتەو ڕەنگەکانی لەخۆی گرتبوو، هەموو پێکهاتە و تواناو ڕەنگەکانیش شۆڕشەکەیان بە رابەرایەتی مەلا مستەفا بە شۆڕشی خۆیان دەزانی**

یەکێك لەو دامەزراوانەی لەژێر ڕەشماڵی بارزانی جێگەی ببووەوە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بوو، ئەم یەکێتی زانایانە دووبەش بوو، بەشێکی زانا و مەلا گەورەکانی کوردستانی لەخۆی دەگرت، بەشێکیشی هی فەقێکان بوو، فەقێکانیش یەکێتیەکی تایبەتی خۆیان هەبوو، کە بەشێك بوو لە یەکێتی زانایان، بۆیە فەقێکانیش لە دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئیسلامی هەبوون و بەشدار بوون، من لەو کاتەدا سەرپەرشتی بەشێکی لقی یەکێتی فەقێکانم کردووە کە ئەویش لقی یەکێتی فەقێکان بووە لە ئامۆژگای ئیسلامی لە سلێمانی، هەروەها لە کاتی دەسپێکردنەوەی شەڕیش چووینە ناو شۆڕش و لە ناوچەکانی پێنجوێن و بیارە، کە ئێمە بەلای کەمەوە ماوەی دووساڵ خوێندنمان فەوتا، پاشان کە گەڕاینەوە زۆر بەزەحمەت ژمارەیەکی کەممان لە کۆلێژی شەریعە لە بەغدا وەرگیران، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەشداری شۆڕشی کوردستانمان کردبوو. بەهەرحاڵ ڕۆژگاری سەردەمی مەلا مستەفا ڕۆژگارێکی زێڕین بوو بۆ تەواوی میللەتی کورد و کوردستان، لەبەر ئەوەی میللەت یەك گوتار و یەك ئاڕاستەی هەبوو، من ئومێد دەخوازم لە ئێستاشدا ئەو یەکڕیزی و یەك گوتارییە ببینینەوە، واتە وەك سەردەمی مەلا مستەفا ببینەوە بە یەك دڵ یەك خواست و یەك ویژدان و ئاڵا و یەك گوتاری سیاسی، بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە زێڕینەی کە جێگەی شانازی هەر تاکێکی ئەم نەتەوەیەیە. لەمەش زیاتر تا ئێستا میللەتی کورد بەناوی مەلا مستەفاو ئەو سەکردایەتیەوە ناسراوە کە لەو سەردەمە زێڕینە سەرکردایەتی یەکخستنی ماڵی کوردی کردووە. ئەوانەشی ئێستا هەن و لەسەر کورسی حکومڕانی دانیشتوون، ئەوانیش هەر نانی مەلا مستەفاو بەرهەمی مەلا مستەفا دەخۆن، ڕاستە بەشێکی ئازایەتی و لێهاتوویی خۆیانە، بەڵام بەشە زۆرەکەی بەرهەمی مەلامستەفایە، بۆیە هەرکەسێك ڕابردووی نەبێت، ئێستاشی نابێت، هەر کەسێکیش ڕابردوویەکی بۆ ئێستا نەبوبێت، ئەوا ئاییندەشی تاریك دەبێت، بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەهەر حزبێك بن یا لەهەر سەنگەرێك بن، دەبێت تاکی کورد لەسەر ئەو ڕابردووە پەروەردە بکەن، بۆ ئەوەی هەموو تاکێك ڕێزی هەبێت بۆ ڕابردووی خۆی و لەسەر ڕابردووی خۆی ئێستا بونیات بنێت، حاشا لە ڕابردووی خۆی نەکات. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ڕەسەنە نەك نارەسەنە.

*** دیارە وەڵامەکانی بەڕێزت بەرەو ئەو پرسیارەمان دەبات، ئایا حیکمەتی بارزانی مستەفا چی بوو، وا توانیبووی ئەم یەکڕیزی و یەك گوتارییە لەناو میللەت دروست بکات؟**

- لەبەر ئەوەی دۆزی کورد، دۆزی هەر تاکێك و تەواوی نەتەوەی کوردە و خواستی هەموو لایەك بوو، مەلا مستەفا بەرگێکی ئایدیۆلۆژی بەبەردا نەکردبوو، ئەمەش وایکردبوو گیانی حزبایەتی تێدا کەم و کاڵ بێت، ڕاشکاوانەتر حزبایەتی پێش سەرهەڵدانی شۆڕش بوونی نەبوو، بەڵکو دوای سەرهەڵدانی شۆڕش پەیدابوو، دوای ئەوە شتێك دروست بوو بەناوی مەکتەبی سیاسی و شتێك دروست بوو بەناوی حزب، مەلا مستەفا شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دەست پێکردبوو، دوای ماوەیەکی زۆر پارتی دامەزرا، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردستان، سەرهەڵدانێکی میللی بووە نەك ئایدیۆلۆژی و حزبی، شۆڕش خەباتێکی گشتگیر و هەمەلایەن بوو، هەموو تواناو پێکهاتەو ڕەنگەکانی لەخۆی گرتبوو، هەموو پێکهاتە و تواناو ڕەنگەکانیش شۆڕشەکەیان بە رابەرایەتی مەلا مستەفا بە شۆڕشی خۆیان دەزانی، دڵسۆزانە خەباتیان بۆ دەکرد و قوربانییان لە پێناودا دەدا، بۆیە کاتێك حزبایەتی دروست بوو، ئایدیۆلۆژیەتی مارکسی و لینینی هاتە ناوەوە، ئەوا ئەم لێکترازان و جیاوازییەی لێکەوتەوە، دیارە ئەم لێکترازان جیاوازییەش لە بەرژەوەندی کوردو دۆزی کوردا نییە، بۆیە دەبێت لە ئێستادا بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە ناسکە تێپەڕێنین، دەبێت جیاوازییەکانمان بەوەسیلەیەك بزانرێت بۆ پتەوکردنی یەکڕیزی و یەك گوتاریمان، نەك جیاوازییەکانمان ئامانج بێت و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بکەین بە قوربانی. هەر بۆ نموونە ئێوە تەشریفتان هێناوە هاتوون بۆ ماڵی ئێمە، دیارە بە ئۆتوۆمبێل هاتوون، بەڵام ئۆتۆمبێلەکەتان لەگەڵ خۆتان نەهێناوەتە ژوورەوە، بەڵکو ئۆتۆبێلەکەتان هۆکارێکە ئێوەی گەیاندۆتە ئێرە، ئامانجی هەردوولامان ئەم دیالۆگەیە، بۆیە حزبەکانیش دەبێت وەك ئەو ئۆتۆمبێلە وەسیلە بێت و دەبێت حزبایەتی لەدەرەوەی ئەو دیالۆگانە بێت کە بۆ یەکڕیزی و یەك هەڵوێستی و ئامانجە نیشتمانییەکانمان ڕێکی دەخەین. لە ئێستاشدا کە کورد لەو سەروبەندەیە ماڵێکی سەربەخۆ و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، ئەوا دەبێت سەرکردایەتی هەموو حزبەکان سەرکردەی کامڵ و پێگەیشتوو بن، سەرکردایەتیەکی گەورە بن، لە قۆناخی ناکامڵی و ئایدیۆلۆژیەتی تەسکی حزبایەتی بێنە دەرەوەو، بۆ ئەوەی ئەقڵە لێهاتووەکان دوور نەکەونەوە و ماستاوچییەکان پێش بکەون.

*** بەرای بەڕێزت ئایا لەم قۆناخەدا ئەرکی زانایانی ئایینی ئیسلام بۆ ئەم پرسە نەتەوەییە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە بە ویژدانانەو بە ئەمەکدارانە چاوێك بخشێنینەوە بە مێژووی چەند ساڵی ڕابردووی خۆماندا،

راستیەکی گەورە و پیرۆزمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە بناخەی شۆڕشی کورد لە دەزگاو دامەزراوەی ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە لە مزگەوت و لە مەلا لە شێخ لە حوجرە لە تەکیە، خەڵکێکی دیندار بە پاڵنەری ئایینی راپەڕیوون و شۆڕشیان دەست پێکردووە، بەدەستی بەدەستنوێژ ئەو شۆڕشەیان بەرپاکردووە، بە پاڵنەری ئایینی مقاوەمەتی هەموو داگیرکارەکانی کوردستانیان کردووە، بۆیە لەو کاتەی ئەو خەڵکانە سەرکردایەتی شۆڕشیان دەکرد، میللەت یەك هەڵوێست بوو، تەنانەت میللەت خۆی پێشمەرگە و شۆڕشی بەخێودەکرد. ئێمە خۆمان ئەوەمان دەکرد بە مەلا و فەقێکانی ناو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامەوە هەڵدەستاین بەکۆکردنەوەی زەکات، لەبەرئەوەی شۆڕشی ئەیلوول هیواو خواستی هەر تاکێك بوو، شەرەف بوو بۆ میللەتی کورد، چونکە حزب و چەپ و راست و ئایدیۆلۆژیا نەبوون!

*** ئەگەر پرسیارێك لەڕووی شەرعەوە سەبارەت بە کۆکردنەوەی زەکات بۆ شۆڕش و پێشمەرگە بکەین، ئایا لەچ سەرچاوەیەکەوە شەرع رێگەی دابوو زەکات بدرێتە شۆڕش و پێشمەرگەی ئەیلوول؟**

- لەبەر ئەوە فەتوا درابوو زەکات بدرێتە پێشمەرگە، چونکە پێشمەرگە جیهادی دەکرد، ئەمەش واتە خەباتی چەکداری بۆ رزگارکردنی میللەتێك بۆ رزگارکردنی زێدی، بۆ رزگارکردنی ئایینەکەی، ئەمە بە دەقی قورئان جیهادە، میللەتیش هەمووی یەك ئاراستەی هەبوو، یەك ئامانجی هەبوو، لەبەر ئەوە هەرگیز ئەو پرسیارە نەدەکرا ئایا زەکاتی پێ دەشێت یان پێی ناشێت؟ بۆیە چۆن پێشتر زەکات بە موجاهید درابوو، بە هەمان شێوە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بە شێوەیەکی گشتی موجاهید بوو، دەست بەدەست بە دەستنوێژ بوو، خۆبەخشانە هاتبووە ئەو چیایە، ژن و کچانی کوردی بە دایك و خوشکی خۆی دەزانی، بە سەرماو گەرما لە ئەشکەوت دەژیا و هیچ سەرچاوەیەکی ژیانی وەك مووچە نەبووە، بۆیە لە ڕووی شەرعەوە زۆر جێگەی خۆی بوو زەکات بدرێتە پێشمەرگە، سەبارەت بە فیکری مەرحومی بارزانیش، بێگومان جەنابی مەلا مستەفا توانیبووی ئیسلامەتیەکی جوانی کوردی کە هەبوو بیپارێزێت و درێژەی پێبدات، مەلا مستەفا رێزی ئایینی دەگرت و ئایینی بە کۆسپ و تەگەرە نەدەزانی، بۆیە مەلا مستەفا توانی ئایینی ئیسلام ئیستیسمار بکات بۆ بەهێزکردنی شۆڕشەکەی، بۆیە ئێمەش ئەگەر بمانەوێت جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ سەر فیکری بارزانی و یەك سەرکردە و یەك ئالامان هەبێت، یەك قاسە و کاسە بین، دەبێت وەك مەلا مستەفا بیر بکەینەوە و وەك مەلا مستەفا رەفتار بکەین. ئەمە واتە وەك هەر تاکێکی موسڵمان لەم کۆمەڵگەیە بیری دەکردەوە، ئەمەش میللی گەراییەکی دروست کردبوو، ئەمەش وایکردبوو نەتەوە پاراستن ببێتە بەشێك لە ئایین، چونکە ئایین دەڵێت، ئەوەی لە پێناوی نەتەوەکەی خەبات بکات و بکوژرێت، ئەوە شەهیدە، مادام خۆی بە حوکمی خوا رازی بێت..

*** ئەو بناخەیەی بارزانی نەمر بۆ شۆڕشی کورد دایڕشت، ئێستا بەڕێز مسعود بارزانی وەك قوتابیەکی بارزانی نەمر درێژە پێدەریەتی، ئایا بەرای جەنابت تاچەند مسعود بارزانی توانیوویەتی درێژە پێدەری بەرنامەکەی بارزانی نەمر بێت؟**

- ئەگەر گیا لەسەر بنجی خۆی شینبێتەوە دیارە بەرهەمەکەشی باش دەبێت و بەسوودیش دەبێت بۆ دەوروبەری، هەر کەسێکیش لەسەر بنەچەی خۆی لابدات، تووشی خواری و لادان دەبێت، تووشی شکست و نووشستی هەمەچەشنە دەبێت، بۆیە لەم قۆناخە کە پەرتەوازەیی هەیە و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەمە گەورەترین مەترسییە بۆسەر ئایندەی کوردستان، هەربۆیە ئەو سیاسەتە مەزهەبگەراییەی مالیکی وەك دیکتاتۆر پیادەی دەکات دژ بە گەلەکەمان، هیچ دوور نییە کە لایەك لە لایەکانی کوردستان لەگەڵ مالیکی رێکبکەوێت و ئەمجارەش چەپڵەی بۆ لێبداتەوە، ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێستا بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕیوەو رێگریش دەکات کە نەوتەکەی خۆمان بفرۆشین.

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئێستا هەموو هەوڵێ بۆ ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنێت، ئایا ئێوە وەك زانایانی ئایینی ئیسلام چۆن سەیری ئەم هەوڵەی سەرۆك بارزانی دەکەن؟**

- ئێمە وەك زانایانی ئایینی ئیسلام ئاواتی دێرینەمانە کە نەتەوەی کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەمەش لە لایەکەوە مافە و لەلایەکەوە ئەرکە، بۆیە دەبێت تەواوی خەڵکی کوردستان، بەحزبەکانییەوە، هەموویان ئەم پرسە بکەنە ئەولەویەتی خۆیان و هەوڵبدەن هاوکاربن بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، بۆیە ئەگەر بەڕێز مسعود بارزانی لەسەر ئەم بەرنامەیەی خۆی بەردەوام بێت و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا بێجگە لەوەی تاجێك دەکاتە سەری خۆی، ئەوا هەموو میللەتی لەگەڵ دەبێت و خوا و فریشتەکانیش پشتیوانی دەکەن و هیدایەتی دەدەن، ئێمەش هەمووەمان پێشمەرگەی ئەو دەبین و

**ئەگەر بمانەوێت جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ سەر فیکری بارزانی و یەک سەرکردە و یەک ئالامان هەبێت، یەک قاسە و کاسە بین، دەبێت وەک مەلا مستەفا بیر بکەینەوە و وەک مەلا مستەفا رەفتار بکەین**

**ئەگەر بەڕێز مسعود بارزانی لەسەر ئەم بەرنامەیەی خۆی بەردەوام بێت و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا بێجگە لەوەی تاجێک دەکاتە سەری خۆی، ئەوا هەموو میللەتی لەگەڵ دەبێت و خوا و فریشتەکانیش پشتیوانی دەکەن و هیدایەتی دەدەن، ئێمەش هەمووەمان پێشمەرگەی ئەو دەبین و لە پشتیەوە دەبین بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە گەورەیە بێتەدی**



**ئێمە وەک هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبین لە نزیکبوونەوە لەتورکیا، ئەوەی ئێستا کوردی باکوور لە تورکیا بۆی هاتۆتە پێش بە درێژایی مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردوو لە تورکیا بە خۆیەوە نەبینیوە، بۆیە پێویستە تاک تاکی کورد پشتگیری لەم سیاسەتە بکات، ئەوەی پشتگیری لەم سیاسەتە نەکات مانای وایە نایانەوێت کێشەی کورد چارەسەر بێت و بەرەو پێشەوە بڕوات**

لە پشـــتیەوە دەبین بۆ ئەوەی ئـــەو ئامانجە گەورەیە بێتـــەدی، من ئەوە جاری ســـێهەمە لە کۆنفرانســـی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بەشدار دەبم، بۆ ئەوەی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بیکەینە پرسێك لەنێو رای گشـــتی کوردستان، بۆ ئەوەی ســـەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ناچار بکەین زیاتر پێ لەسەر ئەم پرسە دابگرێت و بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان بدات، بە تایبەتی کە ئێســـتا رەفتارەکانـــی دیکتاتۆریەتی مالیکـــی بەرامبەر نەتەوەکەمان دەبینین، ئەمە خۆی لەخۆیدا نـــوری مالیکی دەرمـــان دەکات و داوامان لێدەکات جیابینەوە و بڕیاری ســـەربەخۆیی کوردستان بدەین. بۆیە دەبێت پرســـی ســـەربەخۆیی کوردستان بکەینە میللی، دەبێت ئەوەش بە بیر خۆمان بهێنینەوە، مەلا مســـتەفا بۆیە ســـەرکەوتوو بوو، لەبەر ئەوەی شۆڕشی کردبووە پرسێکی میللی، ئەمڕۆ دەبێت بەڕێز مسعود بارزانی ئەم پرسە بکاتە میللی بۆ ئەوەی وەك مەلا مســـتەفا بتوانێت هەموو میللەت کۆبکاتەوە و ئاڕاستەیان بکات بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ئێستاش دەرفەتەکـــە هاتۆتە پێشـــەوە و بارەکـــە لەبارە، هیچ پێویست نییە نازی ئەمریکا یان ئەم و ئەو هەڵبگرین، باشـــترین ڕێگە ئەوەیە کە نـــازی میللەتی خۆمان و کەسوکاری شەهیدانی خۆمان هەڵبگرین، لەم قۆناخە کورد ئەهلیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی هەیە، فەرموو ئەوە بووین بە خاوەنی نەوت، سەرچاوەیەکی گەورەی ســـەرمایەی مرۆیی لێهاتوومان هەیـــە، بۆیە کاتێك دەوڵەتی کوردستان دەکەینە ئەمری واقیع، ئەوا جیهان ناچار دەبێت ئیعترافـــی پێبکات. هەموو نەتەوەکانی دیکەش هەر بڕیاری بوێرانەیان داوە و دەوڵەتی خۆیان راگەیانـــدووە، کەس بە داواکاری و پاڕانەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەوڵەتی بۆ دروســـت نەبووە. ئەوەی لە ئێستادا جێگەی دڵخۆشیە ئەو ئاڕاستەیە کە هەرێمی کوردســـتان لەگەڵ تورکیا درێژەی پێـــدەدات، لەبەر ئەوەی ئێمە وەك هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبین لە نزیکبوونەوە لەتورکیا، ئەوەی ئێستا کوردی باکوور لـــە تورکیا بۆی هاتۆتە پێش بـــە درێژایی مێژووی ١٠٠ ســـاڵی رابردوو لە تورکیا بـــە خۆیەوە نەبینیوە، بۆیە پێویستە تاك تاكی کورد پشتگیری لەم سیاسەتە بکات، ئەوەی پشتگیری لەم سیاسەتە نەکات مانای وایە نایانەوێت کێشـــەی کورد چارەســـەر بێت و بەرەو پێشـــەوە بڕوات، بۆیە ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیا چارەســـەر بێت، ئەوە دەبێتە هـــۆکار و یارمەتیدەر بۆ ئەوەی زووتـــر هەرێمی کوردســـتان بتوانێت دەوڵەت دروســـت بکات و ئـــەم دەوڵەتەش دەبێتە ســـەنتەر بۆ کوردستانێکی گەورە و گشتگیر پشتیوان بەخوا.



*** دیارە ئەو لایەنەی ئەمڕۆ شانازی پێوە دەکەین ئەو کەشە دیموکراتیەیە کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە چۆن لەم کەشە دیموکراتیەوە یەک گوتاری و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بۆ ئامانجە چارەنووسسازەکان دروست بکەین؟**

- ئەگەر ئێمە بە نییەتی پاك بێینە پێشەوە و ترسنۆك و لەرزۆك نەبین، ئەو بانگەشەی ئێستا لە بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوێبیستی دەبین پاشەکشەی لێ نەکرێت، بەوجۆرەی جەنابی کاك مسعود بارزانی دەستی پێکردووە و هاتۆتە مەیدان. ئەم ئاراستەیە بەردەوام بێت و هەموو بە نییەتی پاك پشتگیری بکەین، لەمەش زیاتر رای گشتی بۆ کۆبکرێتەوە، لەپێش هەمووان لە مزگەوتەکانەوە و مەلا باشەکان، ئەوجا مامۆستایانی زانکۆ، ئەوجا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەمانە هەموویان رای گشتی جۆش بدەن بۆ ئەوەی بەرێز مسعود بارزانی هەست بە پشتیوانییەکی میللی گەورە بکات لەم ئامانجە پیرۆزەدا.

*** ئەگەر لێرەدا بە تەواوەتی جەخت بکەینە سەر رۆڵی زانایان و پیاوانی ئایینی ئیسلام، بەو حوکمەی میللەتی ئێمە، موسڵمانەو زانایانی ئایینی رۆڵێکی کاریگەریان هەیە؟**

- هەموو کات زانایان و مەلاکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەشێك بوون لە شۆڕش و پێشەنگانی شۆڕش بوون و رۆڵی خۆیان گێڕاوە، بۆیە گرنگە لەم پرسە چارەنووسسازە نەتەوەییەشدا، رۆڵێکی دیار بدرێتە زانایانی ئایینی ئیسلام، نهێنی سەرکەوتنی مەلا مستەفا ئەوە بووە هەرگیز ئایینی لە کۆمەڵگە جیانەکردۆتەوە، بۆیە زانایانی ئایینی ئیسلام شۆڕشەکەیان بە شۆڕشی خۆیان دەزانی، لەم قۆناخەدا جیاکردنەوەی ئایین و کۆمەڵگە کارەساتە بۆ نەتەوەکەمان، ئێمە ئێستا لە ناوچەیەك دەژین هەموویان بە درۆ بانگەشە بۆ ئایین دەکەن، با ئێمە وەك کورد بەراستگۆیی سوود لە ئایینەکەمان وەربگرین بۆ پرسی نەتەوەکەمان، بۆیە من دڵنیام مامۆستایان و مەلا باشەکانی کوردستان دەتوانن رۆڵێکی هێجگار گەورە ببینن لەوەی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکاتە پرسێکی میللی، بۆیە من رووەدەکەمە جەنابی کاك مسعود بارزانی و پێی دەڵێم لەم پرسە نەتەوەییە پیرۆزەدا تەنها پێویستی بەوەیە پشت بە خوا و ئیرادەی میللەتەکەی ببەستێت، پشتیوان بە خوا سەرکەوتوو دەبێت، تەنها پشت بەستن بەخواو بەئیرادەی میللەت مسعود بارزانی سەردەخات، بۆیە گرنگە تەنها ئەم رێگەیە بگرێت و پشت بە هیچ لایەکی دیکە نەبەستێت.

**رووەدەکەمە جەنابی کاك مسعود بارزانی و پێی دەڵێم لەم پرسە نەتەوەییە پیرۆزەدا تەنها پێویستی بەوەیە پشت بە خوا و ئیرادەی میللەتەکەی ببەستێت، پشتیوان بە خوا سەرکەوتوو دەبێت، تەنها پشت بەستن بەخواو بەئیرادەی میللەت مسعود بارزانی سەردەخات، بۆیە گرنگە تەنها ئەم رێگەیە بگرێت و پشت بە هیچ لایەکی دیکە نەبەستێت**

د.رۆژ نوری شاوەیس بۆ گوڵان:

# بە مالیکیم گوت ”ڕاگەیاندنی باری نائاسایت بۆ چییە تۆ تائێستا هەرچی ویستووتە کردوتە و پرسیشت بە کەس نەکردووە“

**گوڵان – بەغدا**

هەفتەی ڕابردوو لە پڕێکدا گوێبیستی ئەوەبووین سوپای عێراق ورەی نەماو هێزەکانی داعش کۆنترۆڵی شاری موسڵیان کرد، هەروەها بۆ ڕۆژی دواییش هێزەکانی داعش شاری تکریتیان کۆنترۆڵ کرد و پەیتا پەیتاش فیرقە و لیواکانی سوپای عێراق چەکەکانیان فڕێدەدا و سەنگەرەکانیان چۆڵدەکرد، بۆیە ئەم بارودۆخە وایکرد پاشاگەردانیەکی گەورە دروست بێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناچار بێت بۆ پاراستنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بجوولێنرێت، لە بەغداش حکومەت داوای لە پەرلەمان کرد کە باری نائاسایی لەسەرتاسەری وڵات ڕابگەیەنرێت، بەڵام پەرلەمان نەیتوانی نیسابی یاسایی بۆ ئەو بڕیارە تەواو بکات، لەلایەکی دیکەش باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتا ئاماژەی بەوەکرد هەموو بژاردەیەك کراوەیە



بۆ هاوکاری عێراق، بەڵام لەوتارەکەی رۆژی هەینی ئاماژەی بەوە کرد، هەموو هاوکارییەکان پەیوەستن بەیەکڕیزی عێراقیەکان و رێککەوتنیان لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیدا، لەم هەلومەرجەدا قسەو باس لەسەر ئەوەیە کە هێزەکانی داعش بەرەو بەغدا هەنگاوهەڵدەگرن، بۆیە مەرجەعیەتی شیعە لە کەربەلا و نەجەف داوایان لەخەڵك کرد کە خۆبەخشانە چەك هەڵبگرن و دژی داعش جیهاد بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر کۆی ئەم بارودۆخە پەیامنێرمان لە بەغدا ئەم وتووێژەی لەگەڵ بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆکی وەزیرانی عێراق و هەروەها سەرۆکی شاندی دانوستاندنی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقیەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ئەنجامدا، بەڕێز د.رۆژ بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**گوڵان:** چۆن دەڕواننە ئەم پەرەسەندنانەی ئەم دواییەو ئاڵۆزتربوونی دۆخی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** ماوەیەکی کەمە عێراق لە هەڵبژاردنێك دەرچووە کە بەپێی رای گشتی جیهانی و بۆ بەرژەوەندی ناوخۆ هەمووان کۆك بووین لەسەر ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە سەرکەوتوو بووە، ئێستا لەبەردەم بارودۆخێکدایە کە بە نیازە حکومەتێکی جیاواز لە حکومەتەکانی سالانی پێشوو پێکبهێنێت، لەسەر بناغەی شەراکەتی راستەقینەو هاوسەنگیی و پابەندبوون بە دەستوورەوە بەبێ فرەلێکدانەوەی جیاواز، ئێمە ئێستا لە بارودۆخێکدا دەژین کە بەنیازبووین هاوبەشی و شەراکەتی راستەقینە لە هێزە ئەمنیەکان دروست بکەین، چونکە پێشتر ئەم نەبوونی شەراکەتە یەکێك بووە لە هەڵە گەورەکانی حکومەتەکانی پێشوو، لەم بارودۆخەدا پەلامارە تیرۆریستیەکان زیادی کردووەو گورزێکی زۆر توندی وەشاند بە گرتنی موسڵ و چەند شوێنێکی تر کە دەرئەنجام بە رای من شوێنی تریش دەگرن، باری ئەمنی گشتی بەلایەکی تردا دادەشکێنێت بە تایبەتی لە ئەنبار و فەللوجەو دیالەشدا هەروەها مەترسی گەورە دەخاتە سەر بەغدا، ئەمە هەمووی لە دۆخێکدایە کە هێزە سیاسییەکانی عێراق هێشتا لەسەر رێوشوێنێکی ئاشکراو روون رێکنەکەوتوون.

**گوڵان:** سوپای عێراق چۆن بەو کتوپڕییە وەی لە دەستدا وەك ئەوەی هیچ باوەڕێکی بەسەرکردایەتی باڵای خۆی نەمابێت، شرۆڤەکارانی سەربازی تووشی شۆك هاتوون؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** لەوبڕوایەدا نیم ئەم حاڵەتەی ئێستا لە پڕ روویدابێت، بەو شێوەیەش لێکنادرێتەوە، چونکە بارودۆخی ئەمنی لە ساڵی پارەوە رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبوو، ئێمە ئاگاداری هەموانمان کرد کە بەو شێوەیەی ئێستا ناتوانرێت بەرەنگاری ئەو مەترسییە ئەمنیانە ببینەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی دروست رەفتار نەکەین، بە تایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی چەند جارێك منی راسپاردووە بە شەخسی و هەروەها هێزی دەرەوەش ئاگاداری ئەوە بوون، کە بارودۆخی موسڵ زۆر لە مەترسیدایەو پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ چارەسەری بارودۆخی موسڵ بە تایبەتی، بۆ ئەم پرسە مالیکی هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێنی نەبووە، لەبەرئەوە شتێکی نامۆ نییە لە دۆخی پاشی هەڵبژاردن و لە دۆخێکدا کە هێزەکانی عێراق ناکۆك بن و سوننەو شیعە لە ململانێدا بن و هێزە ئەمنیەکان بە شێوەیەکی رێکوپێك رەفتار نەکەن لە بەرانبەر پێکهاتەی سوننەدا ئەمەش ببێتە دۆخێکی تایبەتی کە زەمینە خۆشکار بێت بۆ تیرۆریستان جێی بۆ خۆیان بکەنەوە، هاندەریش بێت تا لە شارێکی گەورەی وەك موسڵدا دەست بوەشێنن و سەرکەوتووش بن، بەلای هەموانەوە ئاشکرا بوو کە پاشماوەکانی حزبی بەعس و چەند لایەنێکی تریش لە موسڵ و لە شوێنانی تر لە جموجوڵدان، بە تایبەتی لەو شارەدا راستەوخۆ رەفتاریان لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا خەریکن بە رێکخستنەوەی خۆیان و بەردەوام کاریان بۆ ئەم رۆژە کردووەو کاروباری ئەمنی لە موسڵ بە هۆی توانای خۆسازدانەوەی ئەوانەوە بارێکی تایبەتی وەرگرتبوو.

**گوڵان:** لە دۆخێکی وەهادا کە هەم پێکهاتە سیاسییەکان دژی یەکترن جۆرێك ئاماژە هەیە بۆ پاشاگەردانی سەرجەم هێزە ئەمنیەکان ئایا چ ئومێدێك ماوە بۆ رزگاربوونی عێراق لەم بارەی تێیکەوتووە یان ئەوەتا عێراق کەوتۆتە بەر دەستی قەدەرو نازانرێت سبەی چارەنووسی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەچێت؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** بارودۆخی عێراق لە دوڕیانێکدایە یان گۆڕانکارییەکی سیاسی رێکوپێك دەکەوێتە عێراقەوە، حکومەتێك دروست دەبێت لەسەر ئەو بنەما بنچینەییانەی کە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان داوای دەکات لەسەر بنەمای دەستوور و شەراکەتی راستەقینەو تەوافوق لە هەموو بوارە ستراتیژیەکاندا و هەروەها هاوسەنگی لە هەموو دەزگاکانی ناوەندی حوکمی فیدراڵیدا لە بەغدا، ئیتر چ لە بواری ئەمنی یان بوارەکانی ئابووری و سیاسەتی دەرەوەو بوارەکانی تریش ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە حکومەت دروست نەبێت، ناتوانین عێراقێکی یەکگرتوومان هەبێت و بڵێین ئەمە دەوڵەتی عێراقە.

ئەگەر ئەو بنەمایانە نەبن ناتوانین بڵێین وڵاتێکە هیوای ئەوەی هەیە بتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئەگەر ئەمە بە پەلە نەکرێت ئەوە عێراق بەرەو پارچە پارچە بوون دەڕوات، لەو بڕوایەدانیم داعش و کێ و کێ کە ئێستا توانیویانە لە موسڵ سوپای عێراق بشکێنن بتوانن کۆنترۆڵی شارێکی شیعەنشین بکەن بە بەغداشەوە، رەنگە بتوانن تا ئاستێك هەندێ گەڕەکی بەغدا بشێوێنن و باری ئەمنی لێ تێك بدەن، بەڵام ناتوانن عێراق هەمووی کۆنترۆڵ بکەن، تەنیا ئەو شوێنانە نەبێت کە زۆرینەی زۆری ئاشکرای سوننەی تێدایە.

کوردیش لە هەرێمی خۆیدا دەتوانێت خۆی بپارێزێت، کەواتە هەر کەسە لە شوێنی خۆی فەرمانڕەوایی خۆی دەکات و وڵاتەکە بەرەو جیابوونەوە دەبرێت، دیار نییە ئاکامەکانی ئەو جیابوونەوەیە چی دەبێت، ئایا رێگە دەدات بەوەی عێراق لایەکی گەشە بکات بەبێ لایەکانی تری، ئەمانە پرسیارن لەگەڵ هاتنە پێشەوەی وەزعەکاندا وەڵام دەدرێنەوە ئێستاش ئەم دووڕیانە هەیە.

بە رای من ئەوانەی دەیانەوێت ئەم وڵاتە لە برینەکانی سارێژ بکەن پێویست بەوە دەکات بە خۆیاندا بچنەوەو ئەوانە دوور بخەنەوە کە بوونەتە هۆی ئەم پشێویە گەورەیە، سیاسەتی نادروست و هەڵە کە بە یەکلایەنە بڕیارو کارەکان بکرێت ئەمەی لێ شین دەبێتەوە کە ئێستا هەیە، قۆرخکردنی هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی فیدراڵ و

**جەنابی سەرۆک بارزانی چەند جارێک منی راسپاردووە بە شەخسی و هەروەها هێزی دەرەوەش ئاگاداری ئەوە بوون، کە بارودۆخی موسڵ زۆر لە مەترسیدایەو پێویستی بە هەماهەنگی هەیە، بۆ ئەم پرسەش مالیکی هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێنی نەبووە**

**سیاسەتی نادروست و هەڵە کە بە یەکلایەنە بڕیارو کارەکان بکرێت ئەمەی لێ شین دەبێتەوە کە ئێستا هەیە**

**بارودۆخی عێراق لە دوڕیانێکدایە یان گۆڕانکارییەکی سیاسی ڕێکوپێک دەکەوێتە عێراقەوە، حکومەتێک دروست دەبێت لەسەر ئەو بنەما بنچینەییانەی کە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان داوای دەکات**

دەسبەسەراگرتنی داهاتی عێراق و جڵەوگیرکردنی لایەنی ئەمنی وڵاتەکە لە لایەن تاکرەوانەوە ئەمە ئاکامەکەیەتی.

**گوڵان:** لەم دۆخەدا هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە لایەنە سیاسییەکانی وڵات و بە کوردو شیعەو بەشێکی زۆری سوننەشەوە دژی هێرشەکانی داعشن، تا ئێستا چ دەسپێشخەری نەکراوە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکانەوە تا بە یەکڕیز لە دژی داعش رابوەستن، کەچی ئێستا لایەنی شیعە داوای یەکڕیزی دەکات بێ ئەوەی ئاماژە بە پرۆسە سیاسییەکە بکات.

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** لایەنی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی داوای لە هەموو لایەك کردووە دژ بەو تیرۆریستانە بوەستنەوە، کە پاشماوەکانی حزبی بەعسیان زیندوو کردۆتەوە، ئێمەش وەك کورد داوامان کردووە کە بە یەکڕیزی بەرەنگاریان ببینەوە، بەڵام ئەو یەکڕیزیە چۆن دروست دەبێت کە تۆ هیچ رێککەوتنێکی سیاسیت نەبێت، داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هێزە سیاسییەکانی عێراق کراوە بە راشکاوی ئێمەش وتوومانە یەکڕیزی و وەستانەوە بەرانبەر ئەو تیرۆریستانە پێویستن، بەڵام ئەم یەکڕیزیە چۆن دەکرێت کە بەرنامەیەکی سیاسی یەکلاکەرەوە نەبێت کە هەموو هێزە سیاسییەکان لێکتر نزیك نەخاتەوە، ئەو بەرنامەیە چۆن دەکرێت لە کاتێکدا ئەو هەنگاوانەی هاوێشتراون وایکردبێت بگەینە ئەم حاڵەتە مەترسیدارە، بۆیە بەرنامەکە وا پێویست دەکات لە بنەماکانی تەوافوق و هاوسەنگی و شەراکەت لانەدات تا بتوانین بە شێوەی دروست دانوستاندن لەسەر ئەم چەمکانە بکەین.

**گوڵان:** لەم کاتەدا بەڕێزتان سەرۆکایەتی شاندی هاوبەشی کوردستان دەکەن بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تری عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، ئایا دروستبوونی ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆکارێك بۆ زوو پێکهێنانی حکومەت؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** پێویستە ئەم بارودۆخە ببێتە هاندەرێك بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی رێکوپێك نەك بکرێتە بەهانەیەك بۆ ئەوەی حکومەت پێکنەهێنرێت و هەر هەمان ئەو کەسانە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە کە ئێستا لە حوکمدان.

**گوڵان:** بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی نیشان داوە تا هێزی پێشمەرگە هاریکاری سوپای عێراق بکات، بەڵام نوری مالیکی ئۆپەراسیۆنی گەورە دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستی بە هێزی پێشمەرگە نییە، ئایا تا چەند ئەم هەڵوێستە نەرێنییەی مالیکی عێراق بەرەو رووی هەڕەشەی زیاتر دەکاتەوە؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** ئەگەر مالیکی ئەمە هەڵوێستی بێت هەڵوێستێکی زۆر هەڵەیە، چونکە پاش ئەو زەبرانەی بەر سوپای عێراق کەوت بە تایبەتی کە ورەی سوپا بە جارێ رووخاوەو بە راکردن شاری موسڵیان بەجێهێڵاوە، بە واتای هەموو ئەو هەوڵانەی لە ماوەی ئەو دەساڵەی دوایی داوێتی بۆ دروستکردنی سوپایەکی بەهێز هەموو هەوڵەکانی شکستخواردو بوون، هاتوونەتەوە قۆناغی سفر بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سوپا، ئەمەش پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە تا بتوانێت سوپایەك دروست بکاتەوە ئەرکەکانی بە رێکوپێکی جێبەجێ بکات، نامەوێ رەشبینیان بکەم بەڵام بەرپرسانی باڵا لە عێراق کاتێکی زۆریان دەوێت گەر بێت و بیانەوێت بە تەنیا سوپا رێکبخەنەوە، بۆیە دەبێ بە پێی لۆژیك و واقیع بیر بکەنەوە، حەقیش وایە شان بە شانی دروستکردنەوەی سوپای عێراق هەوڵ بدەن پێوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێم و پێکهاتەکانی تریش رێکبخەنەوە و لە باری ئەمنیشەوە پێ لە بەرەی خۆیان زیاتر رانەکێشن..

**گوڵان:** دیارە لە چەند رۆژی رابردوودا، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆبوونەوەیەکی نائاسایی کرد، داوای کردووە پەرلەمان کۆببێتەوە باری نائاسایی لە وڵات رابگەیەنێت، بەم حیسابە بێت هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق باری نائاسایی دەیگرێتەوە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کوردستان دەکەوێتە ناو ئەم یاسایەوە؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** ئەوە بڕیاری راستەوخۆی ئەنجومەنی وەزیران نییە، من خۆم بە شەخسی مالیکیم وت چ شتێك رێگای لەتۆ گرتووە بە ئەرکە ئەمنیەکانی خۆت هەستیت تا باری نائاسایی رابگەیەنیت، هەموو شتێکت پێکراوە بە رەزامەندی تەنیا خۆت سوپات بە ئازادی جوڵاندووەو دەسەڵاتت لە هەموو پارێزگاکان ئەوانەی پێویست بووە وەرتگرتووە، بە کەیفی خۆت پارەو بودجەت بۆ سوپاو ئەمن خەرج کردووە، هیچ سنوورێکت بۆ دانەنراوە لەبەر ئەوە مەسەلەی باری نائاسایی کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو زیاتری دەکات، لەبەر ئەوە پێویست بەوە ناکات، چونکە باری نائاسایی لەم کاتەدا تەنیا یەك مانای دەبێت کە هەموو یاساکان کەنار بخرێن، بە کەیفی چەند کەسێك ئیش بکرێت، بۆیە بڕوا ناکەم هێزە سیاسییەکانی تری عێراق بوار بدەن ئەمە لە پەرلەماندا تێپەڕ بکرێت، ئەگەر ئەو یاسای باری نائاسایی هەر بسەپێنێت ئەو یاسایە کوردستان ناگرێتەوە، چونکە کوردستان پەرلەمانی خۆی هەیە، دەسەڵاتەکانیش هەمووی لای سەرۆکی هەرێم دەبێت، دەتوانێت بڵێت دۆخی ئێمە سەقامگیرەو کوردستان ناگرێتەوە، کوردستان پارێزراوە بە بڕیارێك لەلایەن پەرلەمانی فیدراڵ و حکومەتی فیدراڵەوە بەپێی دەستوور دەسەڵات دراوە بە پەرلەمانی کوردستان لەم بارانەوە بڕیاری خۆی وەربگرێت..

**گوڵان:** تا ئێستا ئەمریکا دەیەوێت ئەم دۆخە وەك شەڕی دژە تیرۆر نیشان بدات، ئەگەر بیەوێت عێراق لەم شەڕەدا سەرکەوێت تا چەند هەوڵ دەدات شتێك بکات تا پرۆسەی سیاسی بخاتەوە سەر سکەی خۆی تا هەموو پێکهاتە سیاسییەکان پێکەوە بەشداری لە شەڕی دژە تیرۆر بکەن؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** ئەگەر حکومەتێك لەسەر بناغەی شەراکەت و تەوافوقی هەموو لایەنە سیاسییەکان و

**شتێکی نامۆ نییە لە دۆخی پاشی هەڵبژاردن و لە دۆخێکدا کە هێزەکانی عێراق ناکۆك بن و سوننەو شیعە لە ململانێدا بن و هێزە ئەمنیەکان بە شێوەیەکی رێکوپێک رەفتار نەکەن لە بەرانبەر پێکهاتەی سوننەدا ئەمەش ببێتە دۆخێکی تایبەتی کە زەمینە خۆشکار بێت بۆ تیرۆریستان جێیێ بۆ خۆیان بکەنەوە**

**قۆرخکردنی هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی فیدراڵ و دەسبەسەراگرتنی داهاتی عێراق و جڵەوگیرکردنی لایەنی ئەمنی وڵاتەکە لە لایەن تاکرەوانەوە ئەمە ئاکامەکەیەتی**

**پێویستە ئەم بارودۆخە ببێتە هاندەرێک بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی رێکوپێک نەک بکرێتە بەهانەیەک بۆ ئەوەی حکومەت پێکنەهێنرێت و هەر هەمان ئەو کەسانە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە کە ئێستا لە حوکمدان**

پێکهاتەکان پێکنەهاتبێت ناتوانرێت کاریگەرانە بەرەنگاری تیرۆر ببێتەوە، ئەمریکا دەبینێت خەریکە تیرۆر لە عێراق سەربکەوێت، دەیەوێت جێپێی خۆی دیسانەوە لە عێراق بکاتەوە تا کاریگەری لەسەر سوریاو ناوچەکە هەبێت، تا بەپێی بۆچوونی خۆی رەنگە زیان بەر بەرژەوەندی خۆرئاوا بکەوێت بۆیە ئەو مەبەستێتی بە زووترین کات دەست لە تیرۆر بوەشێنرێت، ئامادەش نییە بە هێزەوە بێتەوە ناو عێراق، ئەگەر عێراق بەم شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە ئەگەر ئەمریکا زۆریش یارمەتی بدات دەرئەنجامی ئەوتۆی نابێت، ئەو ئەگەر مەبەستی هاریکاری راستەقینە بێت تا عێراق سەربکەوێت دەبێ شان بە شانی پشتگیری سەربازی گوشار بێنێت تا پرۆسەی سیاسی بکەوێتەوەگەڕ، تا ئاڵوگۆڕی وا بکرێت لە دەسەڵات ئەو خەڵکە هەمووی وەك شەریکی راستەقینە خۆی ببینێت لە عێراق..

**گوڵان:** هەندێك لە چاودێران ئاماژە بەوە دەدەن بە بیانووی تێپەڕاندنی هێزەکانی داعش لە تکریت و موسڵ پێ دەچێت سوپای عێراق بە تۆپ و فڕۆکە شارەکە کاول بکات وەك ئەوەی لە فەللوجەو رومادی روویاندا، ئایا ئەمەش نابێتە هۆی هەڵگیرساندنی فیتنەی تایەفەگەری کە بڕانەوەی زەحمەت بێت؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** هەر هەنگاوێك لە رووی سەربازی و سیاسییەوە هێزە ئەمنی و سەربازییەکان یەکلایەنە پێی هەستن و نەخشەبۆدارێژراو نەبێت، دەبێتە مایەی زیاتر خراپکردنی دۆخەکە، ئاکام دەبێتە مایەی دروستبوونی شەڕی ئەهلی لە ناو عێراق، هەندێکیش هەن دەڵێن ئەی ئەمەی ئێستا شەڕی ئەهلی نەبێت چییە!

**گوڵان:** هێرشەکانی داعش خەریکە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم دەکاتە ئامانج، ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە نەتوانن ئەو ناوچانە بپارێزن خەڵکی ئەو ناوچانە نائومێد دەبن، چی بکرێت باشە لەم رووەوە؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** سوپای عێراق چەند ساڵە لە هەوڵدایە پێشمەرگە لەو ناوچە کوردستانیانە دوور بخاتەوە کەچی ئێستا ئەو سوپایە شوێنەکانیان چۆڵ دەکەن و ناتوانن بیانپارێزن و دەکشێنەوە، بۆیە پێویستە پێشمەرگە بچێت پارێزگاری لە خەڵکی ئەو ناوچانە بکات، چونکە ئەوانە بەشێکن لە گەلی کوردستان و لە ناو کوردستانن کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین، زۆر پێویستە لەم کاتەدا زیاد لە سنوری ئەو ناوچانەی کە گەلی کوردستانی بە ئاشکرا تێیدایە، بەرەو پێشەوە نەچن تا هێزەکانیان بڵاو نەبێتەوەو دوچاری گرفت نەبنەوە، بە وریایی بچن بۆ پاراستنی ئەو شوێنانەی زۆرینەی کوردی تێدایە.

**گوڵان:** دکتۆر فوئاد حوسێن دەڵێت مالیکی بۆ ئەو بارودۆخە داوای یارمەتی لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئەو یارمەتیانەی مالیکی داوای کردوون چین؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** ئەو مەبەستی ئەوەیە پێشمەرگە بچێت بەرانبەر داعش بوەستێت و لە موسڵ داعش دەرپەڕێنن و خۆشی دواتر بێتەوە ناو موسڵ، چونکە ئەو جارێ بۆ خۆی تواناو هێزی گەڕانەوەی نییە بۆ ناو موسڵ، دەیەوێ پێشمەرگە تووشی ئەو شەڕە بکات بێ ئەوەی بزانرێت ئایا ئامادەی شەڕی ناو شارێکی گەورەی وەك موسڵە یان نا، بە رای من نابێت یەکلایەنەو بێ ئامادەیی ئەمە بکرێت، ئەگەر بڕیاریش وابێت ئەو شەڕە بکرێت پێویستە لە کاتی خۆیدا بێت.

**گوڵان:** لە کۆی ئەم دۆخەی کە هاتۆتە ئاراوە بە دەیان هەزار خێزان ئاوارە بوون و پێشتریش لای بەڕێزتان روونە کە ئاوارەیەکی زۆری کوردی خۆرئاوا روو لە شارەکانی کوردستان دەکەن و هەروا ئاوارەکانی ناوچەکانی دیکەی عێراقیش هەر دێنە کوردستان و ئێستاش ئەوانەی موسڵ کە گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان، هاتنی ئەو هەموو خەڵکە ئاوارەیە لە رووی تۆبۆگرافیاو ئابوورییەوە چ قوورساییەك بۆ باری هەمەلایەنەی ژیان لە هەرێمی کوردستان دروست دەکات؟

**د.رۆژ نوری شاوەیس:** بە پلەی یەکەم گوشارەکە لە لایەنی ئابوورییەوەیە، ئەو سەدان هەزار خەڵکە پێویستیان بە هاوکاری و رێگاوشوێن دانان و جێنشینبوون و خوێندن و تەندروستی و یارمەتی مرۆیی هەیە، ئەمانە هەموو فشارێکی گەورەیە لەسەر حکومەتی هەرێم کە لە دەرەوەی تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، لە روویەکی ترەوە تەنانەت لە باری کۆمەڵایەتی کاریگەری دادەنێت و بۆ ئێستاش هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێویستە هۆشیاربن لەو خەڵکەی روو لە هەرێم دەکەن و ئەمە لە هەموو دنیا باوە کە شەپۆلێکی زۆر و بە کتوپڕی خەڵك روو لە ناوچەیەکی تر بکەن جۆرەها خەڵکی تێ دەکەوێت و لە هاتنی ئەو هەموو خەڵکە بەبێ کۆنترۆڵ و بەبێ وردەکاری رەنگە خەڵکانێکی تیرۆریست خزابنە ناویان و دزە بکەنە ناو شارەکانی هەرێمەوە، دەرئەنجام باری ئەمنی کوردستانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان تێکبدەن و ئینشائەڵڵا ئەوەش روونادات، چونکە هەموومان دەزانین ئێستا توانای ئابووری هەرێمی کوردستان توانای وەرگرتنی سەدان هەزار کەسی ئاوارەی شوێنانی تری نییە، چونکە لە لایەکەوە لە عێراقەوە بە ناهەق و بە نادەستووری بودجەی لێ بڕدراوە، ئەگەر بێت و بودجەکەی بۆ نەنێردرێت و یان حکومەتی فیدراڵی بەشدار نەبێت لە ناردنی هاریکاری بۆ ئەو هەموو خەڵکەی لە ترسی مانەوە روویان لە کوردستان کردووە ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای هاریکاری بە باشی نابێت، هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەوتۆ نییە و رەنگە هەندێ وردە یارمەتی بدات کە لە ئاست ئەو رێژە زۆرەی هەڵاتووەکانی شارەکانی تری عێراق بۆ کوردستان نەبێت، لەبەر ئەوە ئەو خەڵکە دەکەونە دۆخێکی نالەبارو دۆخی هەرێمیش تێکدەچێت.

**هەر هەنگاوێک لە رووی سەربازی و سیاسییەوە هێزە ئەمنی و سەربازییەکان یەکلایەنە پێی هەستن و نەخشەبۆدارێژراو نەبێت، دەبێتە مایەی زیاتر خراپکردنی دۆخەکە**

**ئەگەر بێت و حکومەتی فیدراڵ بودجە بۆ هەرێمی کوردستان نەنێرێت و یان بەشدار نەبێت لە ناردنی هاریکاری بۆ ئەو هەموو خەڵکەی لە ترسی مانەوە روویان لە کوردستان کردووە، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای هاریکاری بە باشی نابێت**



### وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی میسر بۆ گوڵان:

# باڵوێزخانەی میسر لە بەغدا دەستدەكات بە گواستنەوەی میسرییەكان لە عێراق

باڵیۆز دكتۆر بەدر عەبدالعاتی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی میسر رایگەیاند: بارودۆخی عیراق تا رادەیەكی زۆر مایەی نیگەرانییە و نەبیل فەهمی وەزیری دەرەوەو دامودەزگاكانی وەزارەت بە درێژایی كات بەدواداچوون بۆ رەوشی عیراق دەكەن لەبەر رۆشنایی ئەو تێكچوونە خێرایەی بارودۆخی ئەمنی كە لە ئێستادا عێراقی گرتۆتەوە.

عەبدولعاتی لە چەندین لێدواندا لە قاهیرە دووپاتی كردەوە كە ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە پارێزگاری كردنە لە یەكێتیی خاكی عێراق و دابەش نەكردنی لەسەر بنەمای تایفەگەریی تایبەت، هەروەها چەندین دەوڵەتی عەرەبی هەن نەك هەر تەنیا عێراق رووبەڕووی ئەو هەڵمەتە دڕندانەی مەزهەبی دەبنەوە.

هەروەها ئاماژەی بەوەدا كە پێوەندییەكی زۆر لە نێوان میسر و لایەنە كاراكانی كاروباری عێراق لە ئارادایە بۆ پشتیوانی كردن لە یەكێتی و زاڵبوون بەسەر ناكۆكیەكاندا بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، دووپاتیشی كردەوە كە یەكێتیی دەوڵەتی عێراق شتێك و پرسێكی زۆر گرنگە و ئامانجی سەرەكیش ئەوەیە كە عێراق بەهێز بێت تا هەموو رۆڵەكانی تێدا كۆببێتەوە.

هەروەها گوتی: لەگەڵ هەموو وڵاتانی عەرەبیدا راوێژكراوە لەوانەش دەوڵەتانی كەنداو و لەسەر ئەوە رێككەوتوون كە كۆبوونەوەیەكی نوێنەرانی هەمیشەیی كۆمكاری عەرەبی ببەسترێت كە چاوەڕوان دەكرێت میسر بۆچوونی خۆی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق بخاتەڕوو، هەروەها هەڵوێستی رەتكراوەی تایفەگەری و پشتیوانی كردن لە یەكێتیی دەوڵەتی عێراق دەرببڕێت. ئاماژەشی بەوەكرد كە ئامانجی سەرەكیی ئەم كۆبوونەوەیە گەیشتنە بە هەڵوێستێكی یەكگرتووی عەرەبی و پاراستنی یەكپارچەیی دەوڵەتی عێراق، لەگەڵ داواكردن لە هەموو هێزە سیاسییەكان و كۆمەڵگە لە عێراق بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكانیان تاكو بتوانرێت رووبەڕووی هێزە توندڕۆكان ببنەوە.

ناوبراو دووپاتی كردەوە كە باڵیۆز ناسر كامل یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ كاروباری عەرەبی كۆتایی بەسەردانەكەی بۆ عێراق هێناوەو تێیدا لەگەڵ بەرپرسانی عیراق و نوێنەرانی هێزە سیاسییەكان و سەرجەم لایەنەكان كۆبۆتەوەو باسی پێوەندییە دووقۆڵیەكانی نێوان هەردوو وڵات و پەرەسەندنەكانی سەر گۆڕەپانی ئیقلیمی لەگەڵدا كردوون، كە بەم پێیە راپۆرتێكی تێروتەسەلی وەزیر سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق بەرزدەكرێتەوە. هاوكات لە ئێستادا دامەزراوە پێوەندیدارەكانی سەر بەوەزارەت بە نیازن لە بارودۆخەكە بكۆڵنەوە شان بە شانی سەردانەكەی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە.

**لەگەڵ هەموو وڵاتانی عەرەبیدا راوێژكراوە لەوانەش دەوڵەتانی كەنداو و لەسەر ئەوە رێككەوتوون كە كۆبوونەوەیەكی نوێنەرانی هەمیشەیی كۆمكاری عەرەبی ببەسترێت كە چاوەڕوان دەكرێت میسر بۆچوونی خۆی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق بخاتەڕوو**

لە هەمان سۆنگەوە، وەزارەتی دەرەوە و نێردەی دیپلۆماسیی میسر لە عێراق و باڵیۆزخانەكەی لە بەغدا دەست دەكات بە گواستنەوەی میسرییەكان كە لە ناوچەكانی پێكدادان لەگەڵ رێكخستنی تیرۆریستی داعش بوونیان هەیە، هەروەها باڵیۆزخانەی میسر و نێردەكانی بەردەوام دەبێت لەسەر گواستنەوەی هەموو ئەو هاووڵاتیانەی كە لە هەر شارێكدا نیشتەجێن و مەترسی و كاریگەریی تێدایە بۆ سەر سەلامەتی گیانی هاووڵاتیانی میسری.



# ستۆران ستیڤنسۆن

**سەرۆکی شاندی یەکێتی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق بۆ گوڵان:**

# دەبێت سەرۆک بارزانی هێزی پێشمەرگە تەنها بۆ پاراستنی سنوری کوردستان بەکاربهێنێت نەک بۆ هاوکاری مالیکی




**بۆچوونەکانی بەڕێز ستۆران ستیفنسۆن بەو پێیەی سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپایە بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق، تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی پەرلەمانی ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپایە سەبارەت بە هەڵوێستی پەرلەمان و یەکێتی ئەوروپا بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پەرلەمانی ئەوروپا لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتانە هەڵوێستی خۆی دیاری دەکات، کە ستۆران ستیڤنسۆن و شاندەکەی لەمیانەی سەردانە مەیدانییەکانی بۆ بەغداو هەولێر ئەنجامی دەدەن، لەم چوارچێوەیەدا و بۆ زیاتر تێگەیشتن لە هەڵوێستی پەرلەمان و یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە بارودۆخی عێراق، گوڵان پێوەندی بە سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق لە برۆکسل کردوو بەڕێز ستۆران ستیڤنسۆن بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە و ڕای خۆی بەمجۆرە دەربڕی.**

*** بە ڕەوچاکردنی ئەو ڕووداوانەی بەم دواییە ڕوویاندا، ئایا بەڕێزت وەك سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق، بە شێوەیەکی گشتی چۆن سەیری بارودۆخەکە دەکەن لە عێراقدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی من دوێنی (مەبەستی ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٢یە)، لەدوای دەست بەکاربوونی کۆمەڵەی ئەوروپی و عێراقی بۆ ئازادی ((The European Iraqi Freedom Association)) کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیم گرێدا، بیرۆکەی پشت دروستکردنی ئەم ڕێکخراوە نوێیەش بریتییە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ عێراقیەکان بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان، ئەو عێراقیانەی نەهامەتیەکی زۆریان بینیوە و تا ئێستا بە دەست دوو دیکتاتۆرەوەناڵاندویانە و دەناڵێنن، جاری یەکەم بە دەست سەددام حوسێنی دیکتاتۆرەوە ناڵاندویانە و ئێستاش بە دەستی دیکتاتۆریەتی مالیکیەوە و بە دەست هەڵمەتە کومەڵکوژیەکانەوە « Genocidal Campaign» لە فەللوجە و ڕوممادی و، بەدەست گەندەڵیەوە دەناڵێنن، چونکە بانکی جیهانی ڕایگەیاندووە کە لە عێراقدا داهاتی تاکەکەسی لە ساڵێکدا تەنیا ١٠٠٠ دۆلارە، ئەمەش عێراق دەکاتە یەکێك لە هەرە هەژارترین وڵاتانی جیهان، ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستیەی لە دوای ڕووخانی سەددام حوسێنەوە زیاتر لە ٥٢٠ ملیار دۆلار لە سامانی نەوت بەدەست هێنراوە، لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە جێی سەرسوڕمانی من نەبوو کە ڕاپەڕینی گەورە ڕوویداوە، ئەمەش واتە ئەوەی لە فەللوجە و ڕوممادی و پارێزگای ئەنبار دەست پێبکات، کە بەرەو موسڵ درێژبۆتەوە و نیوەی پارێزگاری سەلاحەددین بگرێتەوە، و ئێستاش ئەو خەڵکانە و ئەو هۆزانەی لە دژی مالیکی ڕاپەڕیون بەرەو بەغدا دەڕۆن و ئێستا تکریتیان کۆنترۆڵ کردووە، پێموایە ئەمە پرۆسەیەکی مەترسیدارە. بەڵام ئایا ئەمە مەترسی بۆ کوردستان و سەقامگیری کوردستانیش دروست دەکات؟ من پێموایە مایەی نیگەرانیەکی گەورەیە و مەترسی بۆ کوردستانیش هەیە، بە تایبەتی کە ئێستا کەرکوك بەو هێزانە گەمارۆ دراون.

*** ئەوەی لەم بارودۆخە جێگەی هەڵوەستەیە، ئەوەیە مالیکی گەمارۆی خستۆتە سەر کوردستان و هەتا ئێستا بودجەی کوردستانی بڕیووە، لەم بارودۆخەشدا بە سەدان هەزار پەنابەر ڕوودەکاتە کوردستان، ئایا ئەمە تاچەند بارودۆخی هەرێمی کوردستان قورس دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە مالیکی تەحەددای مافی هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ ئەوەی لە ڕێی تورکیاوە نەوت بفرۆشێت، لە کۆتاییدا پەنا بردراوەتە بەر دادگا. پێموایە کوردستان مافی خۆیانە بەشێکی داهاتی نەوتیان پێبدرێت. من دەزانم کوردەکان بەپێی دەستوور مافی خۆیانە بەشێکی دیاریکراوی نەوتی خۆیان بۆ خۆیان بێت، بەڵام ئەمە لەلایەن مالیکی و حکومەتەکەیەوە ڕەتکراوەتەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەوەی کوردەکان کردویانە پاساوی خۆی هەیە، ئێستاش مەترسیەکە ئەوەیە کە ناسەقامگیری لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا

**کوردەکان بەپێی دەستوور مافی خۆیانە بەشێکی دیاریکراوی نەوتی خۆیان بۆ خۆیان بێت، بەڵام ئەمە لەلایەن مالیکی و حکومەتەکەیەوە ڕەتکراوەتەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەوەی کوردەکان کردویانە پاساوی خۆی هەیە، ئێستاش مەترسیەکە ئەوەیە کە ناسەقامگیری لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا نەبێتە مەترسی بۆ سەر ئاشتی لە کوردستاندا**

**سەرکردایەتی مالیکی بەرپرسیارە لە دروستکردنی ئەم شەڕە و ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات شەڕ لە دژی تیرۆر دەکات، بۆ ئەوەی هانی ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەندامی دیکەی یەکێتی ئەورووپا بدات بۆ ئەوەی چەکی بۆ بنێرن بۆ یارمەتیدانی**

**مالیکی داوای لە دەوڵەتە دراوسێکان کردووە، لە ئێران، بۆ ئەوەی هێزی بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن، ئەمە بێڕێزیەکی تەواوە بە هەموو خەڵکی عێراق، کە ئێستا سەرباز و کارمەندی سەربازی و هێز لە ئێرانەوە هاتوونەتە عێراقەوە و بە ئاشکرا شان بە شانی هێزە عێراقیەکان شەڕ دەکەن**

نەبێتە مەترسی بۆ سەر ئاشتی لە کوردستاندا.

*** ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) سەرکەوتوو بن لە داگیرکردنی بەشێکی عێراق و سوریا، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنن و ئایا ئەمە چ زەحمەتیەك دروست دەکات؟ چونکە ئەو کاتە ئەوان دەسەڵاتیان بەسەر مەدەنیەکانیشدا دەبێت، هەروەها ئایا تا چ رادەیەك مانەوەی مالیکی لە دەسەڵاتدا مەترسیە بۆ سەر ئاییندەی عێراق؟**

- راستە لەم راپەڕینە گەورەیە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ی تێدایە، بەڵام بە هەمان شێوە خەڵکی موسڵ و ئەنباریشی تێدایە، کە ئەوان راپەڕینیان بە هاوکاری و سەرکردایەتی داعش کردووە، لەبەر ئەوەی لە ژێر هەڕەشەی مالیکیدا بوون، جێی سەرسوڕمان نەبوو کە ئەمە لە چەند هەفتەیەکی کەمدا دوای هەڵبژاردنە پڕ لە ساختەکاریەکان روویدا، کە مالیکی ویستی ئەوە بە جیهان بفرۆشێتەوە کە چەند کورسیەکی زیاتری بەدەست هێناوە. بە بەراورد بە جاری پێشوو- چوار ساڵ پێش ئێستا-کە ٨٩ کورسی هێنا. و ئێستاش ٩٢ کورسی هێناوە. مەحاڵ بوو خەڵکی باوەڕ بکەن کە دوای چوار ساڵ لە کوشتن و ئەشکەنجە و پشێوی و هەڵمەتی کۆمەڵکوژی دژی سوننەکان و سەرکوتکردنی تایەفەگەری و گەندەڵی، چۆن پارتێکی سیاسی- بەم تۆمارەوە- دەتوانێت کورسی زیاتر بەدەست بهێنێت لە هەر هەڵبژاردنێکدا، ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە خەڵکی لە دژی مالیکی راپەڕین. من لە دەست بەکاربوونی ئەو رێکخراوە نوێیەدا دوێنێ لە برۆکسل، باس لەوە کرا کە خەڵکی عێراق نەهامەتی زۆریان بینیوە و پێویستیان بە حکومەتێك هەیە دوور بێت لە تایەفەگەری، حکومەتێك کار بۆ خەڵك بکات و داهاتی ئەو سامانە دەوڵەمەندەی وڵاتەکە بە یەکسانی لە نێوان هەموو هاووڵاتیاندا بەش بکات، پێویستە رێز لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتان بگرێت و کۆتایی بە سزای لە سێدارەدان بهێنێت، ئەمە تاکە رێگای کۆتایی هێنانە بە شەڕەکە. و سەرکردایەتی مالیکی بەرپرسیارە لە دروستکردنی ئەم شەڕە و ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات شەڕ لە دژی تیرۆر دەکات، بۆ ئەوەی هانی ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەندامی دیکەی یەکێتی ئەورووپا بدات بۆ ئەوەی چەکی بۆ بنێرن بۆ یارمەتیدانی، هەروەها داوای لە دەوڵەتە دراوسێکان کردووە، لە ئێران، بۆ ئەوەی هێزی بۆ بنێرێت و هەندێ لە شەڕکەرە هەرە بە ئەزموونە سەرسەختەکانی بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن، ئەمە بێڕێزیەکی تەواوە بە هەموو خەڵکی عێراق، کە ئێستا سەرباز و کارمەندی سەربازی و هێز لە ئێرانەوە هاتوونەتە عێراقەوە و بە ئاشکرا شان بە شانی هێزە عێراقیەکان شەڕ دەکەن. ئەمە قابیلی قبوڵ نییە و پێویستە رۆژئاواش باوەڕ بەوە نەکات کە ئەمە شەڕی دژە تیرۆریزمە، بەڵکو ئەمە شەڕە لە دژی راپەڕینێکی جەماوەری لە دژی دیکتاتۆریەتی مالیکی.

*** مالیکی هێشتا باسی بەرهەڵستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) دەکات، بەڵام داوای هاوکاری لە پێشمەرگەر ناکات، ئەمە لە کاتێکدا سەرۆك بارزانی ئامادەیی پێشمەرگەی راگەیاندووە بۆ یارمەتیدانی سوپای عێراق، و باسی ئەنجامدانی کردەوەی گەورە دەکات، ئەمە لە کاتێکدا هەموو کەس دەزانێت کە هەر کاتێك داعش هێرش بکات سوپا چەك فڕێ دەدات و رادەکات، تا چ رادەیەك ئەم هەڵوێستەی مالیکی ئاییندەی عێراق و یەکێتی عێراق و ئاسایشی وڵاتەکە دەخاتە مەترسیەوە؟**

- پێویستە سەرۆك بارزانی- کە دۆستێکی زۆر باشی منە- پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لە خۆ حکومڕانی (ئۆتۆنۆمی) کوردستان بەکار بهێنێت، و بۆ چەندین ساڵە خەڵکی کوردستان لە ئاشتی و سەقامگیریدا دەژین و نابێت رابکێشرێنە ئەم شەڕەوە و نابێت رابکێشرێنە ئەم شەڕە ناوخۆییەوە. پێشمەرگە جەنگاوەرێکی زۆر بوێرە و لە جیهاندا بە بوێری و ئازایەتی ناسراوە، بەڵام پێویستە بەرگری لە سنوری کوردستان بکەن و ناوبانگی کوردستان وەك هەرێمێکی ئارام بۆ سەدان هەزار پەنابەر بپارێزن، ئەو پەنابەرانەی لە موسڵ و کەرکوکەوە دێن. لەبەر ئەوە من داوا لە بارزانی دەکەم پێشمەرگە بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنێت، نەك بیانێرێت بۆ پاڵپشتی کردنی هێزە سەربازییەکانی عێراق کە لە ژێر فەرماندەیی مالیکیدان.

*** پەیامت چییە بۆ کوردەکان؟**

- من هاوسۆزیەکی زۆرم هەیە بۆ کوردەکان، ئێوە لە جیهاندا ناوبانگیتان هەیە کە جێی ستایشە، چونکە سنوری خۆتان بۆ ئاوارەکان کردۆتەوە، ئێوە ناوچەیەکی ئارامتان بۆ خەڵکی سوریا دابین کردووە، کە من چەند مانگێك پێش ئێستا لە هەولێر بووم و سەردانی هەندێ کامپی ئەو ئاوارانەی سوریام کرد. ئێستاش پێشوازی لە سەدان هەزار ئاوارەی دیکە دەکەن کە لە بەشەکانی دیکەی عێراقەوە بەهۆی ئەو راپەڕینەوە ئاوارە بوونە، لەبەر ئەوە من هەمیشە ستایشی راستگۆیی و بوێری خەڵکی کوردستان دەکەم، من بە راستی ترسم لە ئاییندەی ئێوە هەیە، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە پێشمەرگە سنورەکەتان بپارێزێت و رێگە نەدات ئەو راپەڕین و ئەم شەڕە بپەڕێتەوە بۆ هەرێمەکەی ئێوە.



## پرۆفیسۆر مایکل نایت

راوێژپێدەر بە ئیدارەی ئەمریکا لەسەر پرسی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# بەبێ هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر زەحمەتە مالیکی چاوی بە موسڵ بکەوێتەوە

**پرۆفیسۆر مایکل نایت گەورە تۆژەری کاروباری سەربازییە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئێران و دەوڵەتانی کەنداو، پرۆفیسۆر نایت لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا کاری کردووە و دیراسەتی زۆر ورد و قوڵی لەسەر پەندەکانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەمریکا لە عێراق ئەنجامداوە و ئێستاش یەکێکە لەو تۆژەرە باڵایانەی کە تایبەت لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات و لەبەر رۆشنایی دیراسەتەکانی راوێژ دەداتە ئیدارەی ئەمریکا، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و هەرەسهێنانی سوپای عێراق لەماوەی هەفتەیەکدا لە موسڵ و تکریت و ئاراستەی بارودۆخی عێراق، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر نایت ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**دەکرێت دوای ئەم قەیرانە گفتوگۆ لە بارەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بکرێت و چارەسەری بکرێت، واتە ئەمە کاتی ئەوەیە کە بەغدا رووبکاتە کورد و پێیان بڵێت یارمەتیمان بدەن. و پێدەچێت مالیکی زۆر کەللەرەق بێت لەبارەی رەوشەکەوە و رەنگە لە دەرئەنجامدا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ کۆنترۆڵی شاری موسڵ لە دەست بدات**

*** دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) کە لقێکی ئەل قاعیدەیە لە عێراق و سوریا، بەشێکی دیاریکراوی خاکی سوریایان داگیر کردووە و ئێستا دەوڵەتی ئیسلامی خۆیان تێدا راگەیاندووە و لە ماوەی رۆژانی رابردودا توانیان دووجار هێرش بکەنە سەر سامەڕا کە تەنیا ١٠٠ کیلۆمەتر لە بەغدای پایتەختەوە دوورە، هەروەها توانیان پارێزگای موسڵ کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە کۆنترۆڵ بکەن، و ئێستاش شاری تکریتیان داگیرکردووە، ئایا چۆن ئەم گۆڕانکاریە دەخوێننەوە، چونکە ئەوان پێشتر تەنیا توندوتیژی و تەقینەوەیان دەکرد و ئێستا خاك و شار کۆنترۆڵ دەکەن؟**

- بە راستی ئەمە مەترسیدارترین رەوشی ئەمنیە لە عێراقدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ـەوە رووبەڕووی بۆتەوە. لە پێوەندیدا بە باکووری عێراقەوە، ئەوا خراپترین دۆخی ئەمنی هەیە رووبەڕووی بوونەتەوە. کە هێزە ئەمنیەکانی عێراق بە تەواوەتی هەرەسیان هێنا لە ماوەی هەفتەی رابردوودا، کەواتە ئەمە پێشینەی نییە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە هێزە ئەمنیەکانی عێراق بتوانێت کۆنترۆڵی موسڵ بکاتەوە. کەواتە زۆر دژوارە بتوانن ئەم کارە بکەنەوە بەبێ هاوکاریی پێشمەرگە. ئەمە ساتەوەختێکە کە حکومەتی عێراقی رووبکاتە کورد و پێیان بڵێت کە ئێمە رازین نەوتی خۆتان هەناردە بکەن. دەکرێت دوای ئەم قەیرانە گفتوگۆ لە بارەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بکرێت و چارەسەری بکرێت، واتە ئەمە کاتی ئەوەیە کە بەغدا رووبکاتە کورد و پێیان بڵێت یارمەتیمان بدەن. و پێدەچێت مالیکی زۆر کەللەڕەق بێت لەبارەی رەوشەکەوە و رەنگە لە دەرئەنجامدا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ کۆنترۆڵی شاری موسڵ لە دەست بدات. و رەنگە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کۆنترۆڵی بەشەکانی دیکەی عێراقیش لە دەست بدات، وەك تکریت و بێجی. ئەمەش کارەساتە.

*** پێشتر نزیکەی ٤٠٠ هەزار پەنابەری سوریا روویان کردە کوردستان و ئێستاش بە دەیان هەزار ئاوارەی شاری موسڵ روویان کردۆتە کوردستان، واتە ژمارەی پەنابەر و ئاوارەکان لە ملیۆنێك کەس نزیك دەبێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی عێراق بودجەی کوردستانی بڕیوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەچ رادەیەك ئەمە کاریگەری لەسەر کوردستان دەبێت و فشار لەسەر کوردستان دروست دەکات؟**

- هەرێمی کوردستان خانەدانییەکی زۆری نواندووە لەبەرامبەر پەنابەراندا، لەسەر ئەمە سوپاسی خوا دەکەین. ئەوە روونە کە کورد پێویستیان بە پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەیە لەم قەیرانەی ئاوارەکاندا کە ئێستا رووبەڕووی بۆتەوە. پێموایە لەم کاتەدا تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە پێویستە پشتیوانیەکی گەورە دابین بکات. من پێموانیە حکومەتی بەغدا بە مەبەست کارێك بکات کە ببێتە هۆی خراپتربوونی بارودۆخی ئابووری لە کوردستاندا، بەڵام ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە، چونکە ئەمە ئەو دەرئەنجامەیە کە بۆی هەیە لێی بکەوێتەوە. لەبەر ئەوە پێویستە بە زووترین کات پشتیوانی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان بکرێت.

*** ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەمریکا دەیەوێت ئەم کارەساتە وا پیشان بدات کە بریتییە لە شەڕی دژە تیرۆر، ئەمە لە کاتێکدا کە پێویستە ئەمریکا کارێك بکات عێراق بگەڕێتەوە سەر رێچکەی سیاسی سروشتی خۆی، چونکە بۆ ئەوەی شەڕی دژە تیرۆر سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێویستە ئاشتبوونەوەی سیاسی بێتەئاراوە، کە دەبێت حکومەتێکی بنکە فراوان هەبێت بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بەشداری بکەن لە شەڕی دژە تیرۆردا؟**

- من بە تەواوەتی هاوڕام لەگەڵتاندا، حکومەتی ئەمریکا

دەستی داوەتە گفتوگۆیەکی جددی لەگەڵ زۆربەی بەرپرسە سیاسییە باڵاکانی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق، سوننە و شیعە و کورد، لەبارەی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی یەکگرتووەوە، ئەمە هەمیشە خواستی ئەمریکا بووە. ئەمریکا هەڵوێستێکی زۆر واقیعبینانە دەگرێتەبەر لە ئاست چۆنیەتی کاریگەر بوون بەسەر سەرۆك وەزیران، مالیکیەوە، ناکرێت تەنیا بە ئاراستەکردن کاریگەر بێت بەسەر سەرۆك وەزیران، مالیکیەوە، وەك ئەوەی منداڵێکی بچووك بێت. بەڵکو دەبێت پەنا بۆ دەستڕۆیشتوویی ببات، وەك بەکارهێنانی پرسی پێدانی چەك و ئامرازەکانی دیکە. ئەوان هەوڵ دەدەن ئەم کارە بکەن، چونکە ئەوان بەوە رازی نەبوونە کە مالیکی چۆنی بووێت ئاوا بکات. بەڵکو دەیانەوێت کاریگەریان هەبێت بەسەریدا. بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە ئاراستەیەکی جیاوازتردا بڕۆیشتنایە، ئەگەر مالیکی لە هەڵبژاردنەکاندا رەت بکرایەتەوە، ئەوا ئەمریکا تەنیا لەبەر خاتری مالیکی، پشتیوانی مالیکی نەدەکرد. بەڵام ئەوان رێز لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەگرن و هەوڵ دەدەن دەستڕۆیشتوویان هەبێت بەسەر سەرکردە سەرەکیەکانی عێراقەوە، و بنیاتنانەوەی هێزە ئەمنیەکانی عێراق بەشێکی گرنگ دەبێت لەو کارە. رەنگە پرسیار بکەن ئایا عێراق پێویستی بە —فڕۆکەی- F16 هەیە، من پێم باشە —فڕۆکەی- F16ی ئەمریکی لە عێراقدا ببینم- واتە ئەمریکا خۆی ئەم فڕۆکەیە لە عێراقدا بەکار بهێنێت، نەك بیداتە دەست عێراق-، بەڵام بە داخەوە لە ئێستادا ئەوە بژاردەیەك نییە. من پێم باشترە ئەمریکا زیاتر چالاك بێت لە عێراقدا، هەموو کەس ئەمەی دەوێت. ئێمە لە واشنتۆن هەوڵمانداوە- ئەمە منیش دەگرێتەوە- کە ئەمریکا بگەڕێتەوە و ببینین ئەمریکا خۆی فڕۆکەی- F16 لە عێراقدا بەکار دەهێنێت، لەبری فرۆشتنی فڕۆکەی- F16 بە عێراق.

*** ئایا خەڵکی عێراق دەتوانن پێشبینی ئەوە بکەن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا بە هانایانەوە بچن؟**

- لە ئێستادا دوو هێزی نێودەوڵەتی هەیە کە بە راستی دەتوانن یارمەتی عێراق بدەن، یەکێکیان بریتییە لە ئێران و ئەوی دیکەیان بریتییە لە ئەمریکا، هەردووکیان دەیانەوێت شەڕ لەگەڵ داعشدا بکەن، بەڵام ئامرازی جیاواز بەکار دەهێنن، ئێران دەیەوێت هەمان سیناریۆی سوریا دووبارە بکاتەوە، ئەوان دەیانەوێت پەنا بۆ بەرمیلی باروت ببرێت، و دەیانەوێت میلیشیا بەکار بهێنن، و دەیانەوێت موعارەزە لە رێی سەربازییەوە سەرکوت بکەن، بێئەوەی پەنا بۆ هیچ کۆدەنگیەکی سیاسی ببردرێت. ئەمریکا سیناریۆیەکی جیاوازی دەوێت، ئەمریکا راستە دەیەوێت هێزە ئەمنیەکان بەکار بهێنرێن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێت حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبهێنرێت کە سوننە و شیعە و کورد بەشداری تێدا بکەن. ئەمریکا و ئێرانیەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی پێویستە کورد و شیعە لە حکومەتی داهاتوودا بەشداری بکەن، جیاوازیەکە ئەوەیە ئایا سوننە بەشداری بکات. ئێرانیەکان باوەڕیان وایە پێویستە کەمترین بەشداری سوننەکان هەبێت و پێویستە لە رووی سەربازیەوە تێکبشکێنرێن. ئەمریکا باوەڕی وایە لە رووی دیپلۆماسیەوە دەکرێت قەیرانەکە لەگەڵ سوننەکان چارەسەر بکرێت. و ئەمەش شتێکی مومکینە بەلای ئەمریکاوە. ئەوە جیاوازیە سەرەکییەکەیە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا.

*** دوا وتە و پەیامت چییە؟**

- یەکەم پەیامی من بۆ کورد ئەوەیە-وەك هەمیشە- سوپاسیان بکەم لەسەر بوێریان و لەسەر خانەدانییان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا بەسەر کورددا هاتووە ئەوا شتێکی زۆر سەخاوەتمەندانەیە کە بایەخ بەو هەمو ئاوارانە بدەن. کورد دەزانن ئازاری بێ ماڵی و حاڵی چییە و ئازاری ئەوە چییە لەگەڵ خێزانەکەتدا لەسەر جادەکان بیت. لەبەر ئەوە سوپاس بۆ کورد کە بیریان کەوتەوە- ئەم دۆخە- چۆنە، و بۆ سەخاوەتمەندیان لە ئاست برا عەرەب و مەسیحی و یەزیدی و شەبەك و تورکمانەکاندا. پەیامی دووەمم، ئەوەیە پێویستە کورد بەردەوام بن لە هەوڵەکانیاندا بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لە چارەسەر لە دژی داعش، حکومەتی ئەمریکا دەیەوێت هێزە کوردیەکان و هێزەکانی عێراق پێکەوە شەڕی داعش بکەن، و حکومەتی ئەمریکاش دەیەوێت کورد نەوتی خۆیان هەناردە بکەن و دەیەوێت لە رووی سیاسی و لە رووی ئابووریەوە سەربەخۆ بن. تێگەیشتنێکی ورد لە هەڵوێستی ئەمریکا بەدی ناکرێت، ئەمریکا مالیکی ناوێت، ئەمریکا نایەوێت کوردستان لە رووی ئابووریەوە ببێتە کۆیلەی بەغدا، بەڵکو ئەمریکا دەیەوێت ئەم کارە بە شێوەیەك بێت کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بمێنێتەوە، دەیەوێت پارێزگاری لە پێوەندی نێوان کورد و بەغدا و پێوەندی نێوان بەغدا و تورکیا بکات. بەڵام ئەمریکا دەیەوێت ئەگەر کوردستان لە رووی ئابووریەوە سەربەخۆ بێت، ئەوا عێراق دابەش نەبێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش تێڕوانینێکی تەقلیدیان هەیە، بەڵام نیەتێکی باشیان هەیە، ئەمەش بۆ سەرکردایەتی کورد دەگەڕێتەوە کە بەردەوام بن لەکارکردن لەگەڵ ئەمریکا و لایەنەکانی دیکەی عێراق و پێموایە دەتوانن ئەو کارە بکەن.

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا بەسەر کورددا هاتووە ئەوا شتێکی زۆر سەخاوەتمەندانەیە کە بایەخ بەو هەمو ئاوارانە بدەن**

**حکومەتی ئەمریکا دەیەوێت کورد نەوتی خۆیان هەناردە بکەن و دەیەوێت لە رووی سیاسی و لە رووی ئابووریەوە سەربەخۆ بن. تێگەیشتنێکی ورد لە هەڵوێستی ئەمریکا بەدی ناکرێت، ئەمریکا مالیکی ناوێت، ئەمریکا نایەوێت کوردستان لە رووی ئابووریەوە ببێتە کۆیلەی بەغدا**



# گێڕانەوەی موسڵ پێویستی بە هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئەمریکا هەیە



دۆغو ئەرگیل*
بۆ گوڵانی نوسیووە

میلیشیاکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش)، کە پێکهاتووە لەو گرووپانەی سوریا و عێراق کە سەر بە ئەل قاعیدەن، کۆنترۆڵی شاری موسڵیان کردووە. ئەم شارە کەوتۆتە سەر رووباری فورات و کەمتر لە دوو کیلۆمەتر لە سنوری سوریاوە دوورە. ئەمەش ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەرە لە نێوان عەرەب، و کورد و تورکمانەکاندا و هەمیشە سەرچاوەی ناکۆکی بووە لە نێوان بەغداو هەولێردا. دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەیەوێت دەست بگرێت بەسەر ئەم ناوچە مشت و مڕ لەسەرەدا کە کەوتۆتە نێوان عێراق و سوریاوە بۆ ئەوەی خەلافەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێت.

لە هێرشێکی کت و پڕ و بەربڵاودا میلیشاکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، هێزە ئەمنیە عێراقیە ورە رووخاو و دوودڵەکانیان دەرپەڕاند کە بە پەلە لە شارەکە کشانەوە بێ ئەوەی بەرگریەکی ئەوتۆ بکەن.

دوای ئەوەی میلیشیاکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کۆنترۆڵی بارەگای پارێزگایان کرد، سەرۆك وەزیرانی عێراق، نوری ئەل مالیکی (چوارشەممەی رابردوو)، داوای لە پەرلەمان کرد حاڵەتی نائاسایی رابگەیەنێت. ئەم قەیرانە لە کاتێکدا دروست بوو کە بەغدا فشاری لەسەر هەولێر دەکرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوتی پارێزگا کوردیەکان(هەرێمی کوردستان) لە رێی تورکیاوە نەفرۆشێت.

هێشتا مالیکی حکومەتێکی نوێی پێك نەهێناوە و لە

نێــو ئەو گرووپانەی دیکەدا کــە نوێنەرایەتیان هەیە لە پەرلەمانی تــازە هەڵبژێردراوی عێراقدا، پێویســتی بە پشتیوانی کوردەکان هەیە. ئێستا لەگەڵ کەوتنی شاری موسڵدا، کە بەغدا و هەولێر هەردووکیان بانگەشە دەکەن لە ئاستیدا، هەردوو لایەنەکە دەبێت هاوکاری یەکتر بکەن بۆ ئەوەی شارەکە و دەوروبەرە دەوڵەمەندەکەی بگەڕێننەوە. چونکە هیچ لایەکیان ناتوانن بەرگەی لەدەستدانی موسڵ بگرن. بۆی هەیە ئەم دۆخەش سەربکێشێت بۆ سازشکردن لەلایەن بەغداوە بۆ ئەوەی بە خواســتی کورد رازی بێت تاوەکو لە رێی تورکیاوە نەوت بفرۆشن، بە مەرجێك هەوڵ نەدەن پتر لە بەشە دەســتووریەکەی خۆیان (کە لە سەدا ١٧یە) داوا بکەن، یاخود هەندێ لەوە زیاتر داوا بکەن بە مەرجێك لە سەدا ٢٠ تێپەڕ نەکات.

پریشــکی ئاگری دوایین پەرەســەندنەکان بەر تورکیاش دەکەوێــت. تاوەکو چەند ســاڵێك پێش ئێســتا ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی عێراق، و خواستی گەڕاندنەوەی موسڵ و کەرکوك کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لەدەستی چوو، بابەتێکی مشــتومڕ هەڵگر بوو لــە تورکیا، ئەگەرچی بە شێوەیەکی رەســمیش نەبوو. دوای ئاشتبوونەوەی ئەم دواییەی نێوان تورکیا و کورد، حکومەتی تورکیا بڕیاری دا کە پێویســتە ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکە لەلای کورد بمێنێتــەوە، چونکە پێوەندی کورد بە تورکیاوە ســنوری هاوکاری ئابووری تێدەپەڕاند.

بە رەوچاکردنی ئەم خەلفیەتە، تورکیا نابێتە تەماشــاکار لە ئاســت دەســت بەســەردا گرتنــی ئــەم ناوچەیە لەلایەن کۆمەڵێکی ســەرەڕۆوە، کە لــە چەندین بۆنەدا دوژمنایەتی خۆیان بۆ تورکیا ســەلماندووە. لەبەر ئەوە، کۆنترۆڵکردنەوەی موســڵ مەسەلەی کاتە و ماوەیەکی زۆر ناخایەنێــت. رەنگــە ئامادەکاری بــۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش دەستی پێکردبێت. ئەو هەواڵەی بەم دواییە بڵاو بوویەوە- بێ ئەوەی بە رەسمی پشت راست بکرێتــەوە- ئەوەیە ئەمریکا و تورکیا پێکەوە ســەرقاڵی پلاندانانن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش دژی دەوڵەتی ئیســلامی لە عێراق و شام. بەشداری پێکردنی پێشــمەرگەی هەرێمی کوردســتانیش لەم پرۆســەیەدا سیناریۆیەکە ئەگەری روودانی لە ئارادایە.

ئایا سروشــتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام چییە کە بەم دواییە پلانی ئەنجامدانی هێرشــێکی تیرۆریستی دانــا لەناو تورکیادا لە پارێــزگای نیگدە و دەوترێت کە ٢٨ شــۆفێری لۆریان فڕاندبێت- کــە خەڵکی تورکیان- لە موســڵ؟ تەنیا بەم دواییە داعش هەڕەشــەی هێرش کردنەسەر بنکەیەکی تورکی دەکرد لە مەزاری سولەیمان شاهـ لە حەلەب.

دوای ســاڵی ٢٠٠٨، وردە وردە تونــدڕەوە موســڵمانە سوننەکانی سەر بە ئەل قاعیدە پێگەی خۆیان لە عێراقدا بەهێز کرد. لەلایەن پێکهاتەی ســوننەکانەوە پشــتیوانی دەکرا، ئەگەرچی ســوننەکان کەمینەن، و لەســەردەمی سەددام حوســێندا حکومڕانی وڵاتەکەیان کرد. سوننەکان ســکاڵای ئەوە دەکەن کــە حکومەتەکــەی نوری ئەل مالیکی- کە شیعەکان حکومڕانی دەکەن- وەك هاووڵاتی پلــە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. ئەگەرچی زۆربەی ســوننەکان لەگەڵ توندڕەوەکانی داعشدا نین، بەڵام ئەم رێکخــراوە رادیکاڵە وەك پەیامبەری خۆیان بۆ حکومەتە شیعە خەمسارده دەزانن.

لە ئێستادا توندوتیژی لە عێراقدا لە بەرزترین ئاستیدایە لە دوای ئەو بارودۆخە پڕ لە پشێوییەی لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧دا دروســت بوو. لەم ماوەیەدا بە دەیان هەزار کەس کوژراون لەو شــەڕە تایەفەگەریەی لــە نێوان زۆرینەی شــیعەی عێراق و کەمینەی ســوننەی عەرەبدا دروست بووە. پێدەچێت بەم دواییە هەمان رەوش دروست بووبێتەوە، چونکە مانگی رابردوو پتر لە ٩٠٠ کەس کوژران.

لە بنەڕەتدا دەوڵەتی ئیســلامی لە عێراق و شام(داعش) وەك لقێکی ئەل قاعیدە لە عێراقدا دەســتی پێکرد. بەڵام ئەو کاتە لە ئەل قاعیدە جیا بۆوە کاتێك لەلایەن سەرکردەی ئەل قاعیدە، ئەیمەن ئەل زەواهری، فەرمانی بە (داعش) کرد کە لە سوریا بکشێتەوە و رێگە بۆ دەستە خوشکەکەی چۆڵ بکات، واتە بەرەی ئەل نوسرە.

فەرماندە ئەبو بەکر ئەل بەغدادی سەرپێچی فەرمانەکەی ئــەل زەواهری کرد و لەو کاتەوە (داعش) رووی چەکیان کردە بەرەی نوســرە، و هەروەها ســوپای سوری ئازاد. هەروەها لە دژی کورد و تورکمانەکانی ناوچەکە. دەووترێت بۆ ماوەیەك دەســەڵاتدارانی تورکیا بە چاوی ســۆزەوە دەیانڕوانیــە ئەم توندڕەوە ســوننانە، لەبەر ئەوەی رۆڵیان هەبوو لە هێرش کردنەسەر رێکخراوە کوردیە سوریەکاندا، ئەوانەی سەر بە پەکەکە بوون، ئەو رێکخراوە میلیشیایەی کە خەباتــی لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا کرد. بەڵام ئێســتا وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەحمەد داوود ئۆغلۆ، بەرەسمی رایگەیاندووە کە داعش بریتییە لە «شــەریکی پشــت پەردەی»ی ئەسەد.

ئەندامانی داعــش رایانگەیاندووە ئــەوان تورکەکان بە موســڵمان نازانن. بەڵکــو باوەڕیانوایە کە هاوپەیمانێکی رۆژئاوا، کە مایەی نەهامەتی ئەوانە، و ئەندامی ناتۆ، و وڵاتێکــی عەلمانی و دیموکراتی ناکرێت موســڵمان بێت. لەبەر ئــەوە هۆکارێك نابینن بۆ کوشــتنی تورکە «کافــرە»کان لە پێناو ئــەو باوەڕەی هەیانــە. کەواتە جارێکی دیکە دەرکەوت برایەتی نێوان موســڵمانەکان لە رووی سیاسییەوە مایەی کێشەیە.

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**دوای ئاشتبوونەوەی ئەم دواییەی نێوان تورکیا و کورد، حکومەتی تورکیا بڕیاری دا کە پێویستە ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکە لەلای کورد بمێنێتەوە، چونکە پێوەندی کورد بە تورکیاوە سنوری هاوکاری ئابووری تێدەپەڕاند**

**تورکیا نابێتە تەماشاکار لە ئاست دەست بەسەردا گرتنی ئەم ناوچەیە لەلایەن کۆمەڵێکی سەرەڕۆوە، کە لە چەندین بۆنەدا دوژمنایەتی خۆیان بۆ تورکیا سەلماندووە. لەبەر ئەوە، کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ مەسەلەی کاتە و ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت**

## ئایەتوڵا ئەیاد جەمالەدین بۆ گوڵان:

# ئومێدی گەورەم بە سەرۆک بارزانی‌یە بۆ ئەوەی رۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە رێکخستنەوەی عێراقدا

ئایەتوڵڵا ئەیاد جەمالەدین یەکێکە لە سیاسەتمەدارە شیعەکانی عێراق و بە سیاسەتمەدارێکی ئایینی میانڕۆ ناسراوە و هەروەها ئەو سیاسەتمەدارەیە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەکرێت ئایین و سیاسەت تێکەڵ نەکرێت، هەر بۆیە لەو کاتەی لە لیستی ئەحرار ئەندام پەرلەمان بوو، بووە بەشێك لە لیستی ئەلعراقیەی سەر بە ئەیاد عەلاوی و ئێستاش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشتەجێیە، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و هۆکارەکانی پشت ئەو کارەساتەی ئێستا عێراق لەسایەی سیاسەتی مالیکی بەخۆیەوە دەبینێت، پێوەندیمان بە ئایەتوڵڵا ئەیاد جەمالەدین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.





*** ئێستا عێراق لەبارودۆخێکدایە کە لە ١٠ ساڵی رابردوو بەخۆیەوە نەبینیوە، ئایا خوێندنەوەتان بۆ رەوش و بارودۆخی ئێستای عێراق چییە؟**

- بەر لەهەموو شتێك ئەو تێکچوونەی بارودۆخی ئەمنی لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو عێراقییەکان مایەی نیگەرانییە، هەروەها لەلایەن هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانیشەوە جێگەی نیگەرانییە، چونکە کاریگەریی لەسەر زۆربەی ناوچەکەو وڵاتانی ئیقلیمییەوە دەبێت، بۆیە من پێموایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی بەشداریان لە هەڵبژاردن کردووە بەپەلە دەستپێشخەری بکەن و بە زووترین کات حکومەتێکی نیشتمانی پێك بهێنن، کە بتوانێت ئیدارەی وڵات بکات و بەرەو رووی تیرۆریستان ببێتەوە، بۆیە چاکتر وایە مالیکی نەبێتەوە بە سەرۆك وەزیران، چونکە لە هەردوو خولی رابردوودا بە کردەنی سەلماندی کە شکستی هێناوە لە هەموو ئەو دۆسێیانەی کە دەبوایە تێیاندا سەرکەوتوو بێت، ئەو شکستی هێنا لە دۆسێی ئەمنی و سیاسی و ئابووری، بۆیە دەبێت برایانی دەوڵەتی یاسا بەم هەڵەیەدا بچنەوە هەرچەندە ئەوان دەنگێکی زۆریان لە هەڵبژاردن بەدەست هێناوە، بەڵام باشتر وایە سەرۆك وەزیران هەر لەوان نەبێت، هەروەها ئیئتلافی نیشمانی چ لە رەوتی سەدر یان لە ئەنجومەنی باڵا یان پێکهاتەکانی دیکە سیاسەتمەدار و کەسایەتیی بەتوانایان تێدایە کە توانای ئەوەیان هەیە وڵات بەڕێوەبەرن، دووبارەی دەکەمەوە با هەموو پێکهاتەکان تا زووە بکەونەخۆو حکومەتێکی نیشتمانی پێك بێنن تاکو چیدی ئەو رەوشە پەرە نەسێنێت.

*** ئێستا رەوشی ئەمنی وڵات دارماوە و سوپای عێراق ناتوانێت شەڕ بکات و بەرامبەر چەکداران بوەستێت، کەواتە لەم بارودۆخەدا چۆن دەکرێت حکومەتێکی نیشتمانی پێك بهێنرێت؟**

- لە هەموو جێگایەك سوپا بە فەرمانی سەرکردە سیاسییەکانیان دەجووڵێتەوە، سوپای ئازاو سوپای ترسنۆك نییە، کەموکورییەکە لە سەرکردایەتیی سیاسییە نەك لە سوپای عێراقی، ناکرێ ناوو ناوبانگی سوپای عێراقی بەم شێوەیە بزڕێندرێت، مالیکی خۆی لەو دەرئەنجامە بەرپرسیارە، کە خۆی بە تەنیا سەرۆکی وەزیران و وەزیری زۆربەی وەزارەتەکانە بە وەکالەت و فەرماندەی گشتی هێزی چەکدارە، من بەر لە ماوەیەك لە ئەکاونتەکانم لە تویتەر و لە کەناڵی ئەلعەرەبیە گوتوومە پێویستە مالیکی بدرێتە دادگا، لە کۆریا بەلەمێك نقوم بوو بۆ رۆژی دوایی سەرۆك وەزیران دەستی لەکارکێشایەوە، هەرچەندە رووداوەکە قەزاوقەدەر بوو، لەلای ئێمە چەکداران موسڵ و تکریتیان کۆنترۆڵ کردووە و بە ئارەزووی خۆیان دەسوورێنەوە کەچی تا ئێستا مالیکی هەر سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێت بکرێتەوە بە سەرۆك وەزیران، بۆیە پێویستە هێزە سیاسییەکان رێکبکەون کە سەرۆك وەزیرانێکی دیکە هەڵبژێرن کە بتوانێت وڵات بەڕێوە ببات، ئەو کاتە دەبینن کە سوپای عێراق توانای ئەوەی هەیە تیرۆریستان تێك بشکێنێت.

*** رات چییە بەرامبەر ئەو گرووپە چەکدارانە، پێتوایە چ تایفەو مەزهەب یان لایەنێکن؟**

- ئەو گرووپانە بریتین لە کۆمەڵێك لە تیرۆریستان کە پشت بە بیرو هزری وەهابی دەبەستن، ئەمە بێجگە لە پیاوانی رژێم و سوپای پێشوو کە لەگەڵیان کاردەکەن، هەروەها رێکخراوی قاعیدە، وڵاتێکی بچووکی کەنداویش پشتیوانیان لێدەکات، بەڵام نەك سعودیە ئەو پێوەندی بەو گرووپانەوە نییە.

*** قسەیەك هەیە دەڵێت کە ئەو بەزینە خێرایەی سوپای مالیکی و ئەوەی کە لە موسڵ روویدا، شۆڕشی سوننەیە دژی مالیکی، کۆمێنتت بۆ ئەوە چییە؟**

- ئەگەر ئەمە شۆڕش یان کودەتای سوننە بێت، ئەدی هەروەك خۆت لە رووداوەکە نزیکیت، بۆچی نزیکەی نیو ملیۆن سوننە موسڵ جێ دێڵێت و پەنا بۆ

**لە سوریا ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر بەشار ئەسەد، کەچی لە عێراقیش پشتگیریی خۆی بۆ مالیکی دووپات دەکاتەوە!! ئەمەیە هەڵوێستی جیاواز، بۆیە پێویستە ئەمریکا بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە تیرۆر هەر تیرۆرە چ لە سوریا یان لە عێراق بێت**

**چاکتر وایە مالیکی نەبێتەوە بە سەرۆك وەزیران، چونکە لە هەردوو خولی رابردوودا بە کردەنی سەلماندی کە شکستی هێناوە لە هەموو ئەو دۆسێیانەی کە دەبوایە تێیاندا سەرکەوتوو بێت**



ناکرێ ناوو ناوبانگی سوپای عێراقی بەم شێوەیە بزڕێندرێت، مالیکی خۆی لەو دەرئەنجامە بەرپرسیارە

هەرێمی کوردستان دەبات؟ ئەمە کودەتا یان یاخیبوونی تیرۆریستانە، بە هەزاران هاووڵاتی خەڵکی ئەنبار و فەللوجەو موسڵ هەڵدێن، ئەمانە تیرۆیستن جیاوازی ناکەن لە نێوان سوننەو شیعەدا.

*** سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەبینین کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە دژی رژێمی سوریایەو پشتگیریی لە ئۆپۆزسیۆن دەکات، کەچی رایدەگەیەنێت کە دژی ئەم چەکدارانەیە لە عێراق، ئایا ئەمە دژە راو ناکۆکی نییە لە هەڵوێستی واشنتۆن؟**

- بەر لە چەند رۆژێك لە کەناڵی ئەلعەرەبیە روونم کردەوە کە ئەمریکا دەیەوێت لە بەشار ئەسەد بدات، ئەمەش مانای وایە گەمارۆی سەر هێزەکانی تیرۆر دەکاتەوە، لە سوریا سوپای ئازاد نییە ئەوەی هەیە داعش و قاعیدەو بەرەی نوسرەیە، لە سوریا ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر بەشار ئەسەد، کەچی لە عێراقیش پشتگیریی خۆی بۆ مالیکی دووپات دەکاتەوە!! ئەمەیە هەڵوێستی جیاواز، بۆیە پێویستە ئەمریکا بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە تیرۆر هەر تیرۆرە چ لە سوریا یان لە عێراق بێت، ئەوەی شەڕی تیرۆر دەکات هەردوو حکومەتی عێراق و سوریایە، بۆیە ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت شەڕی تیرۆر بکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستە پشتگیریی لە هەردوو حکومەت بکات.

*** هەروەك دەبینن کە ئێستا هەرێمی کوردستان بۆتە پەناگەی پەنابەران کە پێشتر کوردانی سوریا و ئێستاش ئەوانەی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق رووی تێدەکەن، چۆن رۆڵی هەرێم لەم رووەوە هەڵدەسەنگێنن؟**

- لە راستیدا پێویستە زۆر سوپاسی سەرکردایەتی کورد و هەرێمی کوردستان و تەواوی گەلی کورد بکەین بەرامبەر ئەم هەڵوێستە، چونکە تیرۆر کورد و عەرەب و تورکمان ناناسێت، دوژمنی هەموو لایەکە، ئەمڕۆ هەموو لایەك هەڕەشەمان لێ دەکرێ، شتێك نییە بە ناوی هەرێم یان ناوچەکە دووربێت لە تیرۆر، ئومێدێکی گەورەم بە رێزدار مسعود بارزانی-یە کە رۆڵی بەرچاوی هەبێت لە پێکهێنانی حکومەتێك لە بەغدا، هەروەها هاوپەیمانیی کوردستانی رۆڵی هەبێت لە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانێك کە بتوانێت کاروباری وڵات بە شێوەیەکی رێك و پێك بەڕێوە ببات.

*** ئایا بەڕێز ئەیاد جەمالەدین دەگەڕێتەوە بەغدا بۆ ئەوەی رۆڵێك ببینێت یان پۆستێك بەڕێوەبەرێت؟**

- من وەك هاووڵاتییەك دەگەڕێمەوە بەغدا هەر لەدوای پێکهێنانی حکومەتی تازە، بەڵام هیچ پۆستێك وەرناگرم.

### سروشتی قەیرانی ئابووری ئێستای هەرێمی کوردستان

# چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گولان نووسیویەتی

بە درێژایی دەیەکانی رابردوودا ئابووریناسانی دیموکراسیخواز و پێشکەوتنخوازانی عێراق درێخیان نەکردووە لە بە ئاشکرا رۆشنایی خستنەسەر سروشتی ئابووری عێراق و سروشتی ئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق بەو پێیەی بەشێکە لە ئابووری عێراق، چ لە سەردەمەکانی حوکمی ناوەندی عێراق یان لە قۆناغی ئۆتۆنۆمی یاخود لەوەتەی فیدرالییەت لە هەرێم راگەیەنراوە تا بە ئێستا را دەگات، تەنانەت منیش درێخییم نەکردووە لە رەخنەگرتنی سیاسەتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە درێژایی پەنجا ساڵی رابردوودا تاکو ئێستا، ئەم رەخنەگرتنەش لە سۆنگەی ئارەزوویەکی سەرشێتانەدا نەبووە، بەڵکو لە بەتەنگەوەهاتن و بەرپرسیارێتیی بووە کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەبارەت بە سەلامەتیی ئابووریی عێراقی و ئابووووریی هەرێم.

ئابووریی عێراق و ئابووریی هەرێمیش کە بەشێکە لەو ئابوورییە، بە ئابوورییەکی ناوازەی تاك لایەنەی نەوت دەژمێردرێت، لە هەمان کاتدا بە ئابوورییەکی بەکاربەری خزمەتگوزاریی و بەرهەم نەهێن ناو دەبرێت، لەبەرئەوەی پشت دەبەستێت بە هاوردەکردنی کاڵا بۆ دابینکردنی پێداویستی دانیشتووان، هەر کاتێکیش ئابووریناسان داوایان کردبێت کە پێویستە گۆڕانکاریی لەم رەوشە شێواو و دواکەوتووەدا بکرێت، گوێیانی لێ نەگرتووە و نایانەوێت واقیعەکە ببینن و ناشیانەوێت هیچ گۆڕانکارییەك لە مۆرکی گشتی و نەرێنیی ئابووریی عێراقدا بێتە کایەوە و هەوڵیش دەدەن ئەو دەنگانە کپ بکەن کە داوای گۆڕانکاریی دەکەن.

ئەو شتەی کە چەسپاوە ئەوەیە کە ئابووریی عێراقی لە سەردەمی جیاوازدا رووبەڕووی چەندین قەیرانی توند بۆتەوە، بێ ئەوەی بەرپرسان لێوەی فێری سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ببن بە درێژایی دەیەکانی رابردوودا تا ئەو سەردەمەی ئێستا، بۆیە ئەوان بەرپرسن لەوەی کە ئابووری عێراق و کۆمەڵگە بە گشتی و ئابووری و کۆمەڵگەی کوردستانی عێراق بە تایبەتی پێوەی دەناڵێنێت، بۆیە لەسەر ئاستی عێراق بەرپرسان رووبەڕووی جۆرەها فشار بوونەتەوە لەوەتەی شۆڕشی تەممووزی ١٩٥٨ و لە سەردەمەکانی گەمارۆی سەر هەرێم و ئەو شەڕانەی دژی هەڵگیرساون، دواتر گەمارۆی ئابووریی سەرتاپاگیری نێو دەوڵەتی و دووئەوەندەش لەسەر هەرێمی کوردستان کە کاتی خۆی رژێمی فاشستی سەدام بەسەریدا سەپاندبووی، ئەمڕۆش لەبەردەم قەیرانی تازەی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانداین، کە هەرێم

رووبەڕووی پاشەکشەیەکی توندو گەورەی سیولەی دراو بۆتەوە بەهۆی هەڵوێستی ناعەقڵانی و نا دانایی و خراپ لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، جا هۆیەکە هەر چییەك بێت.

ئابووریی خۆژێنیی تەنیا هیچ گرفتێکی چاوەڕوانکراوی لە دەرەوە لێناکەوێتەوە بە هۆی دواکەوتوویی و شێواندن و پەرەپێدانی یەکلایەنە و کرانەوە بە دەرەوەدا بە هۆی هاوردەکردنی کالاّ بە شێوەیەکی فراوان، بەڵکو رووبەڕووی هەیمەنەی دەوڵەت دەبێتەوە بەسەر داهاتی دارایی کە لە هەناردەکردنی نەوتی خاو و کۆنترۆڵکردنییەوە دەست دەکەوێت، هەروەها سەرهەڵدانی ئاراستەیەکی دەسەڵاتخوازیی شمولیی لای بژاردەی حوکمران کە سەرکردایەتی جیابوونەوەی تەواو دەکات لەنێوان کۆمەڵگەو دەسەڵات و دروستبوونی بژاردەیەکی حوکمڕانی داهێزراو، هەروەها پەیدابوونی مشەخۆر کە لەسەر داهاتی دارایی ئەو وڵاتە خۆیان دەژیێنن و لەسەر حیسابی گەلی عێراق و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی ناعەقڵانیی سامان و خزمەتگوزارییەکان خۆیان دەوڵەمەند دەکەن. کە زۆر جار دژی پرۆسەی پەرەپێدان و پیشەسازی و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و وەبەرهێنان و کارپێکردنی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ژێرخایەنە. بەڵکو خەمی بنەڕەتییان بریتییە لە خۆدەوڵەمەندکردن لە میانی ئالۆگۆڕیی دارایی و نووسینگەکانی خانووبەرەو و گەندەڵیی دارایی بەدرێژایی دەیان ساڵ و بەهەدەردانی سامانی گشتی. تاد. عێراقیش بەدرێژایی پەنجا ساڵی دوایی بەم شێوەیە بوو لە قۆناغی ئێستاشدا هێشتا رووەو هەڵکشان و زێدەبوونە.

تاقیکردنەوەی گەلان جەخت لەوە دەکەنەوە کە رزگاربوون لەو کێشانەی رووبەڕووی وڵات دەبنەوە کە خاوەن ئابوورییەکی خۆژێنن بە پەرەپێدانی ئابووری و هەمەجۆرییدا تێدەپەڕێت لە کەرتەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری و وەبەرهێنانی سەرمایەی حکومی بە تایبەتی لە پرۆسەی پەرەپێدان و بەکارخستنی بەرهەمهێناندا، ئەمەش دەستەبەرییەکی گەورەیە بۆ پەرەپێدانی سامانی نیشتمانی و کەمکردنەوەی ئەگەری قەیرانەکان کە رەنگە دووچاری وڵات ببنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە:

ئایا بەرپرسان لەم ئەزموونە تازە سەختەوە فێردەبن؟ تەنیا رۆژگار دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. قەیرانی ئێستای دارایی لە بنەڕەتدا قەیرانێکی سیاسییە، بریتییە لە هەوڵێك بۆ برسیکردنی گەل لە هەرێم لەلایەك و چۆك پێدادانی سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەکی دیکەوە، هەروەها پەراوێزخستنی رۆڵیان لە سیاسەتی عێراقی و لە ژیانی ئابووریی عێراقدا، ئەمە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش هەر بەم شێوەیە کە پەراوێزخراون و تا ئێستاش لەلایەن نوری مالیکی سەرۆکی حکومەتی فیدراڵەوە هەر پەراوێز دەخرێن، بۆیە پێویستە ئەم سیاسەتە ستەمکارییە پووچەڵ بکرێتەوە و بگەنە چەند چارەسەرێکی عەقڵانیی کێشەکانی ئێستای نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان دەربارەی ئابووریی دەرهێنانی نەوت یان پرسەکانی دیکەی هەڵپەسێردراو کە تا ئێستا یاسایان بۆ دەرنەچووە کە پشت ببەستێت بە دەقی دەستووریی ساڵی ٢٠٠٥.

ئەو ناکۆکییەی ئێستا لە ئارادایە نامۆ نییە، بەڵام نامۆکە بەکارهێنانی شێوازەکانی بەربەچدانەوەیە نەك لە رێی دانووستانەوە، پەسەندنەکردنی بودجە یاساوێکی فەرماندەی گشتی هێزی چەکدارە، تاکو پشکی هەرێمی لێ نەدات، زانراویشە کە پشکی هەرێم لە بودجەی ئاسایی بریتییە لە ١٧٪ بەڵام هەرێم سکاڵای ئەوەی هەیە کە ئەم پشکە تەنیا ١٠٪ی لێ دەگاتە هەرێم، ئەمەش پێویستی بە چارەسەری جددی هەیە لەلایەن حکومەتی ئایندەوە کە وا پێویست دەکات ئەو کەسە سەرۆکایەتی نەکات کە هۆکاری ئەو هەموو قەیرانە سیاسییانەی پێشان و ئێستایە، هەروەها ناکرێت حکومەتی فیدراڵ ئەم رێکارە نابەجێ و چاوەڕواننەکراوە ئەنجام بدات، بۆیە فشاری زۆر لەسەر هەرێمە لە چوارچێوەی سیاسەتی نوری مالیکی بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم پاڵ بدات تاکو رێکاری هەڵە بگرێتەبەر کە لەو پێگەیەی دابنێت گوایە دژی گەلی عێراقە و دواتر ئەگەری ئەوە هەبێت سوپای عێراقی دژ بە هەرێم تەیار بکات بە پاساوی هەوڵدانی جیابوونەوەی هەرێم لە عێراق و پروپاگەندەی ئەوەی کە هەر دەنگدانێك بۆ سەربەخۆیی پێویستە زۆرینەی گەلی عێراق رەزامەندی لەسەر بێت نەك بەتەنیا گەلی کورد، نوری مالیکی دەیەوێت سەقامگیری و ئاساییشی هەرێم تێك بدات لە میانی برسیکردنی گەل لە هەرێم، هەروەها نانەوەی ئاژاوە و خۆپیشاندان و بێ سەروبەریی ئەمنی، بەڵام گەلی کورد ئەوەندە هۆشیار و عاقڵە کە نەهێڵێت ئەم دۆخە بێنێتە ئاراوە وەك ئەوەی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق هەیە.

ئەوەی رووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە لەم قۆناغەدا گەلی کوردو سەرجەم دانیشتوانی هەرێمە لە نەتەوەکانی دیکە، بۆیە پێویستە دژی ئەو رێکارە خراپەو سزا بەکۆمەڵەکەی رژێمی حوکمڕانیی تایفەگەریی عێراقی دژ بە گەلی کورد خەبات بکرێت، کە ئەمە سیاسەتە

**کاتی ئەوە هاتووە لەبەرامبەر پێنەدانی پشکی هەرێم لەبودجەی فیدراڵی سکاڵا پێشکەش بە دادگای مافی مرۆڤ بکرێت، چونکە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم سەرپێچییەکی یاسایی نێودەوڵەتییە**

**هەڵمەتی نارەزایی میللی وەکو بەشێک لەهەڵوێستی نەتەوەیی دژی بڕینی پشکی بودجەی هەرێم و سیاسەتی برسیکردن کاریگەریی خۆی هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکانی دژ بەهەرێم**



**دەکرێت لە ڕێگای گرنگیدان بە پرۆژە پیشەسازیی و کشتوکاڵیەکانەوە هەرێم ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی و کەمی سیولەی نەختینەیی ببێتەوە**

**قەرزکردنی حکومی لەسەرمایەدارانی کوردو داواکردنی قەرزی نێودەوڵەتی هەنگاوێکی باشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی ئێستای هەرێم**

**کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومی و کەمبوونەوەی هەناردەکردنی کاڵاو کەلوپەلی کەمالیات لەدەرەوەی هەرێم کارێکی سەرکەوتووی حکومەت بوو بۆ ڕاگرتنی بەهەدەردانی پارەو ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی کەمی سیولەی نەختینەیی**

دوژمنکارییەکانی سەدام حوسێنمان بیر دەخاتەوە، پێویستە لەسەرمان ئاگامان لەوە بێت کە ڕژێمی عێراق دەکرێت لە قەیرانی سیاسیی ئێستا بەدووربێت، هەروەها ڕەتکردنەوەی مالیکی کە نایەوێت دەسەڵات ڕادەستی یەکێکی دیکە بکات بە پاساوی ئەوەی بوونی هێزی تیرۆر لە موسڵ و فەللوجەو ئەنبار و سامەڕا، کە پەنا بباتە بەر ڕاگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی (ئەحکامی عورفی) لە وڵات کە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە پشتیوانی لێ دەکرێت کە بە ڕاستیش هاوکاریی دەکات.

هەموومان دەزانین کە هەرێمی کوردستانی عێراق بە چەندین هێز گەمارۆدراوە، کە جێگەی بڕوا نین و تەنانەت دۆستیش نین، بەڵکو تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لا مەبەستە، بۆیە ناکرێ پشت نە بە ئێران و نە بە تورکیا ببەسترێ، دواتر دانانی پرسی هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێم لەناو سەبەتەی تورکیا ئەنجامەکەی مسۆگەر نییە و دەکرێ حکومەتی فیدراڵ لە ڕێگەی پارەو گرێبەستی قەبە قەناعەت بە تورکیا بهێنێت تا واز لە هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێم بهێنێت لە رووی پرسی نەوتەوە، هەر چەندە ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم مۆرکردووە هەروەها ئەو پرۆژە قەبانەی کە تورکیا لە هەرێم جێبەجێیان دەکات، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لەگەڵ هەوڵی تەواوی بۆ پارێزگاریی کردنی پێوەندییە باشەکانی لەگەڵ هەرێمدا، بەڵام قوربانی بە پێوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا نادات لەبەر چەند هۆیەك لەوانە لە ترسی ئەوەی نەبادا عێراق بە تەواوی بکەوێتە باوەشی ئێرانەوە، هەروەك سوریا.

### چۆن هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە داراییە دەبێتەوە؟

سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بە نەناردنی پشکی هەرێم لە بودجە، حکومەتی هەرێمی خستە بەردەم کارێك لە بواری گواستنەوەو بەبازاڕکردنی نەوت، واتا بەردەم هەناردەکردنی نەوت بە ڕێگەی تورکیاوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کەموکوڕییە گرنگەی دارایی لە بودجەی هەرێم پڕبکاتەوە، وێڕای گرتنەبەری چەندین ڕێکاری هەنووکەیی و خێرا، گرنگترینیان:

١. بەکارهێنانی یەدەگی دراوی قورس کە لە گەنجینەی هەرێمدا هەیە کە زانیاریم نییە چەندە، ئەمەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئێستای دارایی.

٢. کەمکردنەوەی هاوردەکانی هەرێم لە کاڵای بەکاربردن و تەواوکاری و دوورکەوتنەوە لە نغرۆکردنی بازاڕەکانی ناوخۆ بە کاڵای هاوردە، هەروەك ئێستا لە ئارادایە، کەواتە قەبارەی وەبەرهێنان تا ئەو ماوەی دوایی زۆر بەرزبوو و پارەیەکی زۆری لە گەنجینەی هەرێم بەفیڕۆدا، چونکە هاوردەکان هەڕەمەکی بوون و کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سەر ئابووری و سامانی هەرێمی کوردستان هەبوو.

٣. کەمکردنەوەی خەرجییەکانی فەرمانگە حکومییەکان و بەهەدەردانی پارە کە هەتا پێش ماوەیەکی کورت لەئارادابوو.

٤. کارکردن بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاریی و دەستکەوتی شیاو بۆ هێنانی سەرمایەی عێراقی، لەوانەش سەرمایەدارانی کورد لە دەرەوە تاکو لە ناوخۆ بەگەڕبخرێت.

٥. قەرزکردنی کاتی لە سەرمایەدارانی کورد یان بە گشتی لە عێراقییەکان لەبەرامبەر سوودێکی گونجاو، بەڵام کە زۆر ناخایەنێت.

٦. داواکردنی قەرزی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی دۆست بۆ بەرەوڕووبوونەوەی قەیرانی ئێستای دارایی بەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە سەرهەڵدانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەدووربن.

٧. لە ئێستادا هیچ پاساوێك نابینم بۆ دەرکردنی دراوێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان هەروەك پێشتر هەندێك پێشنیاریان کردبوو.

٨. بەچاکی دەزانم کە هەڵمەتێکی چڕ و فراوان ئەنجام بدرێت کە گەلی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لێ



دەكات بۆ بەرەو رووبوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵكاران و ناچاركردنیان كە ئەوەی بە تالآنیان بردبوو بیگەڕێننەوە گەنجینەی هەرێم، ئەمەش بێگومان پارەیەكی قەبەو زۆرە كە لە ماوەی سالآنی دوای دیكتاتۆریەت بەتالآن براوە.

جا لەبەر ئەوەی ئەم قەیرانەی ئێستای هەرێم قەیرانی سیاسیی ناوخۆیی و عێراقییە، بۆیە وا پێویست دەكات كۆمەڵێك رێكاری سیاسیی گرنگ لەم قۆناغەدا ئەنجام بدرێن:

١. پتەوكردنی ریزەكانی كوردستان بێ گوێدانە ناكۆكییە جەوهەرییەكانی پێشان و ئێستا كە ناكرێت هەرگیز لێیان بێ دەنگ بن، لەوانەش رووگەو ناوەڕۆكی سیاسەتی ئابووری و كۆمەڵایەتی و نەبوونی پرۆژە تازەكانی پەرەپێدانی پیشەسازی و كشتوكاڵی پڕكردنەوەی فەرمانگەكان بە فەرمانبەران كە بێكارییەكی داپۆشراوی هێنایە ئاراوە.

٢. بەتین كردنی پێوەندیی فراوان لەگەڵ لایەن و هێزە سیاسییەكان بۆ بەرەو رووبوونەوەی بارودۆخی ئێستا و سەپاندنی پێدانی پشكی هەرێم و دەستكردن بە دانوستان بۆ چارەسەركردنی كێشە هەنووكەییەكان.

٣. كارەكە وا دەخوازێت خەباتێكی سیاسی بێتە ئاراوە بە ئەنجامدانی هەڵمەتی نارەزایی میللی فراوان دژی سیاسەتی برسیكردن و ستەم و هەڕەشە بۆ پێدانی پشكی ئاسایی بودجەی هەرێم، وێرای بڕیاری فەرماندەی گشتی هێزی چەكدار و سەرۆك وەزیران كە ئەم بودجەیە رەوانە نەكرێت، هەروەكو وەزیری دارایی عێراق بەسەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانی راگەیاندبوو لە دوا دیداریان لە بەغدا، ئەم هەڵوێستە تەبایی خەباتگێڕیی نێوان كوردو عەرەب و سەرجەم نەتەوەكانی دیكە وەك جاران پتەو دەكات.

٤. پێشنیار دەكەم سكاڵا پێشكەشی دادگای فیدرالی بكرێت تایبەت بە پێنەدانی پشكی هەرێم لە بودجەی فیدرال، سەرباری كاریگەریی دەسەڵاتی جێبەجێكاری بەسەر دەسەڵاتی دادوەری كە لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا روون و ئاشكرا بووە.

٥. دەكرێ شارەزایانی یاسا لەوە بكۆڵنەوە كە دەشێت سكاڵای دادوەری دژی حكومەتی فیدرال لە دادگای مافی مرۆڤ بەرزبكرێتەوە چونكە ئەو رێكارە ژیانی خەڵك دەخاتە مەترسییەكانی برسیكردن و سەرپێچی یاسای نێودەوڵەتیشەوە.

٦. چارەسەركردنی رووبەڕووبوونەوەی ئەم سیاسەتە چەوتانەی فیدرال و ئەو پەرچەكردارانەی هەرێم یان پارێزگاكان، بریتییە لە دامەزراندنی حكومەتێكی رزگاریی نیشتمانی لە عێراق كە پرەنسیپەكانی نیشتمان و نیشتمانپەروەری و بەرژەوەندییەكانی گەل و یەكێتیی پێكهاتە نەتەوەییەكان بكاتە هەوێن و پشتیوانی لە دەوڵەتی دارماوی ئێستا بكات و بیخاتە سەر رێچكەی دەستوورو یاسا دیموكراسییەكان.

**ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەگەڵ هەوڵی تەواوی بۆ پارێزگاریی كردنی پێوەندییە باشەكانی لەگەڵ هەرێمدا، بەڵام قوربانی بە پێوەندییەكانی لەگەڵ حكومەتی بەغدا نادات لە ترسی ئەوەی نەبادا عێراق بە تەواوی بكەوێتە باوەشی ئێرانەوە، هەروەک سوریا**



**پرۆفیسۆر ماکس ئەبراهامۆ بۆ گوڵان:**

# حکومەتی عێراق لە توانایدا نییە کێشەکانی چارەسەر بکات، بۆیە باشترین ڕێگە ئەوەیە وڵاتەکە دابەشبکرێت

پرۆفیسۆر ماکس ئەبراهامۆ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی باکووری رۆژهەڵاتی بۆستن و پسپۆر و تایبەتمەندە لە هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ، یاخیبوون، تیرۆریزم و وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆریزم، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بارودۆخەی ئێستا لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە و دارمانی سوپای عێراق و داگیرکردنی چەند شارێکی گەورە لەلایەن تیرۆریستانەوە، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ماکس ئەبراهامۆ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** ئەمجارەیان لە عێراق و سوریا خەریکە تیرۆریزم ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت، لەکاری خۆکوژییەوە بەرەو کۆنترۆڵکردنی شارە گەورەکان هەنگاویان هەڵگرتووە، ئایا خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەم بارودۆخە تازەیەی عێراق چییە؟**

- بواری شارەزایی من بریتییە لە دەرئەنجامە سیاسییەکانی تیرۆریزم، چونکە کاتێك تیرۆریزم هێرش دەکاتە سەر حکومەتێك، ئەوا مەبەستی ئەوەیە لە رووی سیاسییەوە باڵادەست بێت بۆ ئەوەی داواکاری و ئەجێندا سیاسییەکەی خۆی بهێنێتەدی. ئەمەش پێوەندی بە عێراقەوە هەیە، چونکە حکومەت لە شەڕدایە لەگەڵ هەموو جۆرە میلیشیا-تیرۆریستەکاندا. ئەوەی بۆتەهۆی ئەوەی عێراق حاڵەتێکی زۆر نائاسایی بێت، ئەوەیە کە زۆر نائاساییە تیرۆریستان باڵادەست بن، چونکە بە دەگمەن تیرۆریستان دەتوانن خاك کۆنترۆڵ بکەن و شاری گەورە کۆنترۆڵ بکەن. ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، ئەوا حکومەتەکان توانایەکی زۆر زیاتریان هەیە، ئەوان سوپایان هەیە و ژمارەیەکی زیاتریان لەبەردەستدایە. هەروەها بە گشتی تیرۆریستان کەمینەیەکن و بۆچوونەکانیان لە نێو بەشێکی بەربڵاوی خەڵکدا بوونی نییە، بە زۆری توانای ئەوە لە ئارادایە کە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە تێکبشکێنرێن. ئەوەی لە عێراقدا بەدی دەکرێت، ئەم حاڵەتە نییە، بەڵکو پێدەچێت میلیشیاکان باڵادەست بن و دەست بەسەر شاری گەورەدا دەگرن و دۆخێکی پڕ لە توندوتیژی و مەترسیداریان دروست کردووە، کە نموونەیەکی زۆری- هاوشێوەی ئەمە- بوونی نییە لەبارەی ئەوەی میلیشیاکان بتوانن لەبەرامبەر حکومەتدا باڵادەست بن.

*** تا چ رادەیەك گواستنەوە لە ئەنجامدانی توندوتیژی و خۆتەقاندنەوە لەلایەن ئەل قاعیدەوە بەرەو دامەزراندنی وڵاتێکی تیرۆریستی رووداوێکی مەترسیدارە؟ ئایا ئەمە شکستی حکومەتەکە نییە کە خاوەنی بودجەیەکی زەبەلاح و خاوەن سوپایەکی گەورە و چەکی پێشکەوتووە؟**

- هەمیشە عێراق- ئەوەندەی من لەبیرمە کێشەی حکومڕانی هەبووە، چونکە هیچ کاتێك نەبووە خەڵك بە یەکڕیز پشتیوانی سەرکردەیەك بکەن. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەددام لە دەسەڵاتدا بوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی بەشی زۆری عێراقیەکانی نەدەکرد. ئێستاش مالیکی لە دەسەڵاتدایە، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان خاوەنی پشتیوانی سیاسی نییە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە، کەواتە بۆ چەندین دەیەیە کە حکومڕانی لە عێراقدا ناسەقامگیر بووە. ئەمەش پێوەندی بەو کێشەیەوە هەیە کە فرەییەکی زۆر لە وڵاتی عێراقدا هەیە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە سەرکردەیەك هەبێت کە پشتیوانی بکرێت لەلایەن سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقیەوە. بە دڵنیاییەوە بارودۆخەکە لە سەددامەوە بۆ مالیکی بریتی بوو لە گۆڕانی پشتیوانیکردنەکە لە سوننەکانەوە بۆ شیعەکان. پێموایە بە رادەیەکی گەورە ناسەقامگیری لە عێراقدا شتێکی حەتمیە ئەویش بەهۆی ئەو دابەش بوونەی لە نێوان هاووڵاتیانی عێراقدا هەیە، لەگەڵ بوونی رەوت و تەوژمی تایەفەگەری.. کە پێموایە لە ئێستادا لە هەر کاتێکی دیکەی مێژووی هاوچەرخ خراپتر بووە و عێراقیەکانیش بوونەتە قوربانی توندوتیژی تایەفەگەری. پرسیاری جێی سەرنج لەلای خەڵك و زانا سیاسییەکان ئەوەیە چ شتێك هۆکاری سەرهەڵدانی تیرۆریزمە، و چ شتێك وا دەکات گرووپێکی میلشیای تیرۆریستی دروست بێت، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بۆچوونەکە وابوو کە تیرۆریزم، و بە تایبەتی تیرۆریزمی خۆکوژی، دەرئەنجامی داگیرکاری دەرەکییە، چونکە تیرۆریزمی خۆکوژی نەبوو تاوەکو بوش بڕیاری نەدا بە داگیرکردنی وڵاتەکە. لەبەر ئەوە بۆچوونەکە ئەوەبوو بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا- لە عێراقدا- ئەوا پاڵنەری ئەنجامدانی هێرشی خۆکوژی لە ئارادا نامێنێت، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە لەو کاتەوەی کە هێزەکانی ئەمریکا کشاونەتەوە، ئەوا هێرشی خۆکوژی رانەوەستاوە. کێشەکە ئەوەیە داگیرکاری دەرەکی بووەهۆی خراپتربوونی هەڕەشەی تیرۆریزم، و کاتێك داگیرکاریە دەرەکیەکەش کۆتایی هات، ئەوا بۆشاییەکی دەسەڵاتی دروست کرد کە بووە دۆخێکی لەبار بۆ ئەوەی هێرشی تیرۆریستی ئیستغلالی بکات، و من هیچ بیرۆکەیەکم نییە کە چۆن هێزە دەرەکیەکان هاوکاری وڵاتی عێراق بکەن. کاتێك ئێمە عێراقمان داگیرکرد، ئەوا نەمانتوانی

**بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەددام لە دەسەڵاتدا بوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی بەشی زۆری عێراقیەکانی نەدەکرد. ئێستاش مالیکی لە دەسەڵاتدایە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان خاوەنی پشتیوانی سیاسی نییە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە**

**ئەم جۆرە تیرۆریستانە، بەشێکی وڵاتەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، پێموانییە بتوانن حکومڕانی بکەن، چونکە تیرۆریستان هیچ کارێکی باش ناکەن، ئەوان تەنیا وێرانکاری دەکەن و کۆمەڵگە بنیات نانێنەوە**

هەڕەشەی تیرۆریستی کەم بکەینەوە، و بگرە لە هەندێ رووەوە زیاترمان کرد، کاتێکیش لەو وڵاتە کشاینەوە، ئەوا بە هیچ شێوەیەك تیرۆریزم بەرەو کەمبوونەوە نەچوو، چونکە کەس نەبوو جڵەوەکە بگرێتەدەست و مالیکیش بێتوانا بوو لە سەرکوتکردنی توندڕەوە سوننەکان، لەبەر ئەوە من لەم رووەوە گەشبین نیم بەوەی هێزە دەرەکیەکان کارێکیان پێ بکرێت. بە داخەوە ئەمە کێشەیەکی درێژخایەنە.

*** ئایا داگیرکردنی ئەم شارانە لەلایەن تیرۆریستانەوە شتێکی چاوەڕوان کراوبوو؟**

- لە راستیدا ئەمە تەواو جێی سەرسوڕمانی بوو- بە هیچ شێوەیەك چاوەڕوان کراو نەبوو-، بە هەزارەها گرووپی تیرۆریستی هەبوون لە مێژووی هاوچەرخەدا، لە دوای کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە، کە ویستویانە لە رووی سیاسییەوە گەشە بکەن، بەڵام هەرگیز نەمبینیوە ئەوان بەرەوپێشچوونی سیاسی بەدەست بهێنن و شاری گەورە بگرنەدەست و ببنە هەڕەشە بۆ سەر حکومەت.

*** ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) سەرکەوتوو بن لە داگیرکردنی بەشێکی عێراق و سوریا، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنن و ئەوکاتە سوریا و عێراق وەك دوو وڵات نامێنن، ئایا دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ئەم وڵاتانە چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- بە زۆری شێوازی کۆتایی هاتنی گرووپێکی تیرۆریستی، و شێوازی داکشانی هەڕەشەی تیرۆریستی لەسەر دەستی حکومەت روونادات، واتە ئەوە حکومەت نییە کە بە کوشتنی سەرکردەکەیان یان بە گرتنی سەرجەم ئەندامەکانیان یاخود بە کوشتنی ئەندامەکانیان کۆتاییان پێ بهێنێت، بەڵکو ئەوەی روودەدات ئەوەیە گرووپە تیرۆریستیەکە خۆی خۆی دەکوژێت، چونکە کارەکان لە سنور تێدەپەڕێت و خەڵکانێکی زۆر دەکوژێت و خۆی لە خەڵکەکە دابڕێت. ئێوە ئەم حاڵەتە باش دەزانن، چونکە لە عێراقدا ئەوە خەڵکەکە بوو کە چەند ساڵێك پێش ئێستا دژی ئەل قاعیدە وەستایەوە، ئەمە باشترین گرەوە بۆ کۆتایی هێنان بە گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراق. چونکە تیرۆریستان بە کوشتنی خەڵکانێکی زۆر وا دەکەن خەڵکی لە دژیان بووەستنەوە و خۆیان رێك دەخەن لەسەر ئاستی شوێنەکانی خۆیان و ئەو کاتە پشتیوانییەکی کەمتر و کەمتر لە ئەندامانی ئەم گرووپانە دەکرێت. من پێموایە ئەگەری دابەش بوونی عێراق بۆ چەند ناوچەیەك لە ئارادایە، دابەش بوونێك کە رەنگدانەوەی فرەییە ئیتنییەکەی وڵاتەکە بێت. پێموایە لە مەودای دووردا توندڕەوەکان پشتیوانییەکی کەمتریان لێدەکرێت لەسەر ئاستی نەتەوەیی، پێموایە زۆربەی عێراقیەکان رقیان لەم توندڕەوانەیە. لەبەر ئەوە سنوورداریەك هەیە لەبەردەم توانای-ئەم توندڕەوانەدا- بۆ بەدەستهێنانی ئەندامی نوێ. و ئومێدەکە ئەوەیە رەوتەکە پتر دژی توندڕەوەکان بێت و ئەمەش پشتیوانی جەماوەری بۆ ئەوان کەم بکاتەوە و لە کۆتاییدا ببێتەهۆی ئەوەی تەنیا لە ناوچەیەکی بچووکی وڵاتەکەدا پشتیوانی جەماوەریان هەبێت. لە مەودای دووردا، ئەگەرچی ئەم جۆرە تیرۆریستانە، بەشێکی وڵاتەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، ئەوا پێموانییە بتوانن حکومڕانی بکەن، چونکە تیرۆریستان هیچ کارێکی باش ناکەن، ئەوان تەنیا وێرانکاری دەکەن و کۆمەڵگە بنیات نانێنەوە، چونکە کاتێك تۆ سەرکردە دەبیت ئەوا پێویستت بە ژێرخان دەبێت، بە باج دەبێت، بە رەزامەندی خەڵك دەبێت، کە ئەمانە لەبەردەستی تیرۆریستاندا نین. من دەبینم تیرۆریستان خاکیان داگیر کردووە، بەڵام ئایا دەتوانن حکومڕانیان بکەن، ئەمە مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە.

*** لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوپەیمانێتی دژی تیرۆر هەیە، بەڵام لە ئاست داعشدا هیچ بەرەیەك و هیچ هاوپەیمانێتیەك نابینرێت، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی داعشدا بێدەنگە؟**

- سیاسەتی دەرەوەی ئۆباما ناجێگیرە، لەسەرەتادا من لە سیاسەتی ئەمریکا تێگەیشتم لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە، لە شەڕی دژە تیرۆردا ئێمە رامانگەیاند کە دژی هەموو جۆرە تاکتیکێکی تیرۆریزمین، چونکە خەڵکی بێتاوانی تێدا دەکوژرێت. چونکە ئەو کەسانە هەر کێیەك بن و هەر پاساوێکیشی بۆ بهێنرێتەوە ئەوا ئەمە هەڵەیە، من لەوە تێگەیشتم. بەڵام لە پێوەندیدا بە سوریاوە ئەوا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاستی تیرۆردا رەق هەڵات. چونکە وەك ئێوەش دەزانن لە سوریادا ئەمریکا دووچاری تەنگژە بۆتەوە، چونکە لەلایەکەوە ئەسەد بە جۆرێك لە جۆرەکان دوژمنی ئەمریکایە، و هاوکاری حزبولڵا دەکات و لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی لێدەکرێت. لەبەر ئەوە لە تێڕوانینی ئەمریکاوە ئەو میحوەری شیعەیە، هەڕەشەیەکی ستراتیژییە. سەرەتا ئەسەد دیکتاتۆرێکە بێ ئەندازە نامۆراڵیە کە بە دەیان هەزار- و بگرە زیاتریش- خەڵکی بێتاوانی لە وڵاتەکەیدا کوشتووە، کەواتە ئەمریکا زۆر دژی ئەسەد بوو. بەڵام ئەسەد شەڕی لەگەڵ ئەو تیرۆریستانە کرد، کە هاوشێوەی ئەو تیرۆریستانەن کە ئێمە لە عێراقدا شەڕمان لە دژیان دەکرد دوای ئەوەی ئیدارەی بوش ئەو وڵاتەی داگیر کرد. ئۆباما بڕیاریدا کە تیرۆریستانی سوریا کێشەیەکی کەمتر دروست دەکەن بە بەراورد بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، لەبەر ئەوە خەڵکانێکی زۆر لە ئەمریکا پشتیوانی یاخیبوانیان کرد دژی ئەسەد، هەروەك رەنگە ئێوەش بزانن کە ئێمە

پشتیوانی سەربازی بۆ هەندێ لە گرووپەکانی یاخیبوان دابیـــن دەکەین، ئەوانەی بانگەشـــەی ئـــەوە دەکەن کە میانڕەوترن لـــە هەندێ گرووپی دیکـــەی وەك داعش، بەڵام لە راســـتیدا زۆر زەحمەتە لێکیـــان جیابکەیتەوە و داعش هەندێ لەو چەکانەی دزیوە کە ئێمە بە یاخیبوانی دیکەمان داوە، لەبەر ئەوە زەحمەتە ئۆباما پاساو بهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو لەگەڵ پشـــتیوانیکردنی یاخیبووندایە لە سوریا و دژی یاخبوونیشە لە عێراق. لەبەر ئەوە ئێستا رەقهەڵاتنێك لـــە سیاســـەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەیە، لەلایەکی دیکەوە خواســـتێکی کەم هەیە لە ئەمریکا بۆ دەستێوەردانێکی دیکە. بە شێوەیەکی بەربڵاو وا لە ئیدارەی بوش دەڕوانرێـــت- نەك تەنیا لەلایـــەن دیموکراتەکانەوە، بەڵکـــو لەلایەن کۆماریەکانیشـــەوە-، کە سیاســـەتێکی باســـك ئەســـتووری هەبوو کە بووەهۆی ئەوەی باجێکی گـــران بدرێت لـــە رووی ژیان و لـــە رووی بودجەوە، کە دەستکەوتێکی سنورداریشی بەدەست هێنا. دوای ئەوەش عێراقمان جێهێشت و عێراقیش باشتر نەبوو... یاخیبوونی تێدا دروســـت بوو، لەبەر ئەوە ئەمریکیەکان زۆر بایەخ بە دەستێوەردانی دەرەکی نادەن، زۆربەی ئەمریکیەکان ئێستا لەگـــەڵ ئەوەدان فرۆکەی بێفڕۆکـــەوان بەکار بهێنرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیاتر چەســـپاندنی دەسەڵاتی ئەمریکا بـــە تێچوونێکی کەمتر. بەڵام من پێشـــبینی دەســـتێوەردانێکی بەرچاوی ئەمریـــکا ناکەم لە عێراقدا، لە بەشێکدا بەهۆی میراتی شکستخواردوی ئەمریکاوە، و لەبەشـــێکیدا بەهۆی ترس لە زیاترکردنی دەســـەڵاتی شیعەوە، واتە نەك زیاترکردنی دەسەڵاتی مالیکی، بەڵکو ئێرانیش. ئەمریکا هەست دەکات دۆستێکی کەمی هەیە لە جیهانی ئیســـلامیدا. چونکە نیگەرانی ســـتراتیژی هەیە لە پشـــتیوانیکردنی توندڕەوە سوننەکان و نیگەرانی هەیە لە پشتیوانیکردنی ســـەرکردە شیعەکان و میلیشیا شیعەکاندا. لەبەر ئەم هۆکارانە ئەوا خواستێکی کەم هەیە بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا.

*** سیاسەتی هەڵەی حکومەت کەلێن بۆ ئەم جۆرە دۆخانە دروست دەکات، هۆکاری سەرەکی دۆخی سوریا و عێراق، ئەسەد لە هەڵبژاردنێکی رەمزیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، و مالیکیش دەیەوێت لە رێی هاوپەیمانێتیەکی بنکەفراوان دەسەڵاتی لە دەستدا بێت، ئایا مانەوەی ئەسەد و مالیکی لە دەسەڵاتدا مەترسیە بۆ سەر ئایندەی عێراق و سوریا؟**

- پێموانییە مالیکی توانـــای کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکەی هەبێت، بـــەڵام من نازانم کێ دەتوانێت کارێکی باشـــتر بکات، من سیاسییەکی دیکە شك نابەم کە سەرکەوتووتر بێـــت. مـــن بـــاوەڕم وانییە هـــۆکارە راســـتەقینەکە لە ســـەرکردەکاندا بێت، ئەگەرچی من دەزانم ســـەرکردەکان کارێکی باشیان نەکردووە، بەڵکو عێراق کۆمەڵێك کێشەی سیستماتیکی و مەترسیداری هەیە کە دەبنەهۆی ئەوەی هەر ســـەرکردەیەك لە ئاییندەدا دووچاری دژواری بێتەوە لە مەســـەلەی حکومڕانیدا. پێموایە رەنگە باشترین گرەو بریتی بێت لە دابەشـــکردنی وڵاتەکە، چونکە ئەم وڵاتە زۆر دابەش بووە.

*** عێراق بە ئاڵۆزترین و مەترسیدارترین کاتدا تێدەپەڕێت، لەبەر ئـــەوەی لە ئێســـتادا دابەش بوونێکـــی گەورە و راســـتەقینەی ئیتنـــی و تایەفەگـــەری هەیە، ئەمەش عێراقی لاواز کردووە، ئایا تا چەند هەرەسهێنانی عێراق، دەبێتەهۆی دروستبوونی زۆنی تیرۆر کە مەترسی لەسەر سەرجەم جیهان دروست دەکات؟**

- ئەوە مایەی کێشـــەیەکی مەترســـیدار دەبێت، چونکە دەوڵەتی شکســـتخواردوو پەناگەیەکن بۆ تیرۆریســـتان، زۆر ئاسانە تیرۆریستان هێرشێکی بچووك بکەن، چونکە دەتوانیت هێرش بکەیتە سەر خەڵکانێك کە کۆبوونەوەتەوە، لە بازاڕدا، و لە دوکان و ســـینەماکاندا، ئەمە کارێکی زەحمەت نییە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا، چونکە تیرۆریستان توانایـــان هەیە بە ئەندازەیەکی بچـــووك زیان بگەیەنن، تەنانـــەت لە وڵاتێکی خۆســـەپێنی وەك چینیشـــدا... لەبەر ئەوە حکومەتەکان نەیانتوانیوە رێگری لە هێرشـــە تیرۆریستیە بچووکەکان بکەن، دەوڵەتە شکستخواردووەکان مەترسیدارن، لەبەر ئەوەی کارئاسانی دەکەن بۆ هێرشێکی تیرۆریســـتی گەورەتر. ئەو بیرۆکەیە لە ئەمریکادا هەیە کە رووداوەکانی ١١ی ســـێپتەمبەر روویان نەدەدا، ئەگەر ئەفغانســـتان پەناگـــەی بۆ هەموو جۆرە تیرۆریســـتان دەســـتەبەر نەکردایە، بۆ ئەوەی پێکەوە کۆببنەوە و مەشق بکـــەن و پلان دابنێـــن و کاتی خۆیـــان وەربگرن و پارە دابیـــن بکەن، رووداوەکانی ١١ی ســـێپتەمبەر گرانترین هێرشـــی تیرۆریســـتی بوون لە مێژووی هاوچەرخدا لە رووی تێچوونەوە، کە ئەم هێرشـــەش پێویستی بە هەوڵی چەندەهـــا کەس هەبـــوو بێ ئەوەی چاودێـــری بکرێن، لەبەر ئەوەی ئیســـتغلالی دەوڵەتی شکستخواردووی کرد لە ئەفغانســـتان. پێم وایە رەنگە هەمیشـــە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت رووبەڕووی هەڕەشـــەی تیرۆریزم ببێتەوە و هەمیشە نزیکن لە هەڕەشەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیەوە، بەڵام بوونـــی دەوڵەتی شکســـتخواردوو ئەوەندەی دیکە هەڕەشەکە ســـەختتر دەکات. چونکە دەبێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی پێکەوە کۆببنەوە و مەشـــق بکەن و پلان دابنێن و کاتی خۆیان وەربگرن و پارە دابین بکەن، و هێرشـــێکی پێشـــکەوتوو ئەنجام بدەن، ئەمەش نەك تەنیا عێراقیەکان نیگەران دەکات، بەڵکو هەر کەســـێك نیگەران دەکات کە بایەخ بە تیرۆریزم دەدات.

**پێشبینی دەستێوەردانێکی بەرچاوی ئەمریکا ناکەم لە عێراقدا، لە بەشێکدا بەهۆی میراتی شکستخواردووی ئەمریکاوە، و لەبەشێکیدا بەهۆی ترس لە زیاترکردنی دەسەڵاتی شیعەوە، واتە نەک زیاترکردنی دەسەڵاتی مالیکی، بەڵکو ئێرانیش**

**پێم وایە رەنگە هەمیشە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی هەڕەشەی تیرۆریزم ببێتەوە و هەمیشە نزیکن لە هەڕەشەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیەوە، بەڵام بوونی دەوڵەتی شکستخواردوو ئەوەندەی دیکە هەڕەشەکە سەختتر دەکات**

**عێراق کۆمەڵێک کێشەی سیستماتیکی و مەترسیداری هەیە کە دەبنەهۆی ئەوەی هەر سەرکردەیەک لە ئاییندەدا دووچاری دژواری بێتەوە لە مەسەلەی حکومڕانیدا**